# هەژمونی پەکەکە دوای سەرهەڵدانی داعش

2015

# هەژمونی پەکەکە دوای سەرهەڵدانی داعش

ئەنوەر حسێن (بازگر)

2015

ناوی کتێب: هەژمونی پەکەکە دوای سەرهەڵدانی داعش
نوسەر: ئەنوەر حسێن (بازگر)
بابەت: سیاسی
دیزاینی بەرگ و ناوەوە: ئاکام شەمسەدینی
تایپ و هەڵەچن: لانە کاشان و نیاز کەمال
تیراژ: 750 دانە
ساڵی چاپ: 2015
چاپ: چاپخانەی کارۆ
نرخ: 3000 دینار

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردن (1331)ی ساڵی 2015 ی پێدراوە

## ناوەرۆک


روانینێکی نوێ بۆ پەکەکە ........ 6
هەڵکشانی کێرڤی پەکەکە دوای سەرهەڵدانی داعش........ 11
کۆبانێ ........ 16
داعش و پەکەکە ........ 24

**پەکەکەو پارچەکانی تری کوردستان**

- یەکەم: باشوور
١) پەیوەندییەکانی پەکەکە و پارتی ........ 30
٢) پەیوەندییەکانی پەکەکەو یەکێتی ........ 36
- دووەم: رۆژهەڵات ........ 51
- سێیەم: خۆرئاوا ........ 59
- چوارەم: باکوور ........ 65

پەکەکە و ئەنکەرە ........ 91
پەکەکە و دیبلۆماسیەت ........ 105
پەکەکەو دارایی ........ 112
پەکەکەو میدیا ........ 114
بیۆگرافیای پەکەکە ........ 117

## روانینێکی نوێ بۆ پەکەکە

دەبێت دان بەوەدا بنێم کە ڕەنگە تا ڕادەیەك لایەنگری بەم بابەتەوە هەبێت، ئەگەرچی بۆ ڕۆژنامەنووس وا باشترە بێ لایەن بێت، ئەمەش لەوەوە فێربووم کە جارێك لەسەر هەمان بابەت ڕاپۆرتێکم نووسی بۆ ڕۆژنامەیەکی خاریجی، بەڵام دواتر لە وەڵامدا وتیان، ببورە ناتوانین بەوشێوەیە بڵاویبکەینەوە، چونکە لایەنگری زۆری تێدایە. بەڵام گەر دەتوانیت چاکی بکەیت و بۆمان بنێریتەوە، بڵاویدەکەینەوە.

ئەگەرچی بە ئەزموون لەو سەرنجە هەوڵمداوە لەم نووسینەو بەشێکی زۆر لە نووسینەکانم کەمترین لایەنگری تێدا بێت و زۆرتر پشت بە فاکت و قسەی سەرچاوەکان ببەستم. کە بەشێکی زۆری سەرچاوەکانیش بۆ ئەم نامیلکەیە دیدار و سەردان و چاوپێکەوتنەکانی خۆمە لەگەڵ سەرکردە باڵاکانی پەکەکە لە (برۆکسل، ڕوسیا،

قەندیل، ئەستەنبول، ئەنکەرە، دیاربەکر، رۆبۆسکی و کوردستان)، یان دیدارو چاوپێکەوتنی کەسانێك کە لەنزیکەوە ئاگاداری رەوشی سیاسی ناوچەکەو بەتایبەتی پەکەکەن. کە بێگومان زۆربەیان بە بەڵگەوە قسەیان بۆ کردووم، یان خۆیان لەناو رووداوەکان و دیدارەکاندا بوون.

ئەگەرچی دەکرێت بڵێم ئەم نامیلکەیە زۆرتر لە راپۆرتێکی شیکاری رۆژنامەوانی دەچێت، تا لێکۆڵینەوەیەکی ئاکادیمی. ئەوەش بەو مانایەی پەکەکە وەکو هێزێکی کاریگەر لە ناوچەکەدا بوون و وجودی هەیە، ئەم رۆڵەش بەدوای رووداوەکانی عێراق و سەرهەڵدانی داعش زۆرتر و زیاتر بوو. لەگەڵ ئەوەی کە پەکەکەش رەخنەی لەسەرە لە هەندێك لە هەڵوێست و بۆچوونەکانی لە کات و ساتی جیاوازدا، بەڵام رەنگە هەموو کەس شاهیدی ئەوە بدات، گەر رۆڵی پەکەکە نەبووایە لە باکوور، رەنگە ئێستا رەوتی رووداوەکان لە باکوور بەم ئاڕاستەیەدا نەڕۆیشتایەو کورد بە یەکجاری قڕ بکرایە، بۆیە هەرکات باس لە کوردی باکوور و تورکیا بکرێت، ناوی پەکەکەشی بەدوادا دێت.

لەگەڵ ئەوەشدا ناکرێت رۆڵی پەکەکە لە رووداوەکانی رۆژئاوا و دروستکردنی کانتۆنەکان و خۆبەڕێوەبەری نادیدە بگیرێت. لەوانەش گرنگتر رۆڵی ئەم حزبە لە داستان و بەرخودانی کۆبانێ، گەیشتە ئەوجی پاڵەوانێتی

و بووە ڕەمزو سیمبوڵی بەرگری و تەنانەت ئەمریکاو ئەوروپاو وڵاتانی ناوچەکەش نەیانتوانی ئەم واقیعەتە قبوڵ نەکەن و میدیای خۆرئاواش رۆڵێکی یەکجار گەورەی هەبوو لە ناساندنی کۆبانێ و رۆڵی کوڕو کچی شەڕڤانانی پەکەکە کە عەزم و ئیرادە لە پەکەکە و ئۆجەلان وەردەگرن. ئەمە سەرەڕای رۆڵ و بەشداریان لەباشوور لە شەڕەکانی دژ بە داعش. جگە لە جوڵاندنی کارت و کارەکتەرەکانی باکوور لە خەباتی مەدەنی، سیاسی، چەکداری، پەرلەمانی و پرۆسەی ئاشتیدا.

سەرنجێکی تر دەبێت بڵێم، کە رەنگە هەندێك لە ژمارەکانی ناو ئەم نامیلکەیە وەك یەك نەبن، یان هەموویان راست نەبن. ئەوەش رەنگە هی سەرچاوە جیاوازەکان بێت.

بەڵام لەگەڵ ئەو سەرنجدانەشدا، ئەم نامیلکەیە بەشێکی زۆری حیکایەتی واقیعی شۆڕشێکە کە هەوراز و نشێوی زۆری بڕیوەو دڵنیاشم بەردەوام دەبێت و ئینسان ناتوانێت خۆی لێ گێل و نەبان بکات.

رەنگە ئەم نامیلکەیە بۆ خوێنەر ئەو چێژە نەدات، یان ئەوەندە سەرنجڕاکێش نەبێت وەکو واقیع کە بچێتە ژێر دار گوێزەکانی قەندیل لەگەڵ جەمیل بایك یان قەرەیڵان، یان لە باڵەخانەی کەنەکە لە برۆکسل لەگەڵ رەمزی کارتاڵ و زوبێر ئایدار و حاجی ئەحمەدی دابنیشێت، یان لە روسیا لەگەڵ نوێنەری پەیوەندییەکانی ئەم حزبە

بدوێت، یان بچێتە دیاربەکر و هەست بەو هەموو غەدرو زوڵم و زۆرە بکرێت کە ئەنکەرە لەسەر کوردەکانی داناوە، یان لە ڕەنگ و ڕووی کوردەکانی دیاربەکر دیارە کە چ نەهامەتی و دەردەسەریەکیان بەدەست تورکیاوە دیوە.

لەوەش سامناکتر ئەو ڕووداوە دڵتەزێنەیە لە ڕۆبۆسکێ کە ژنێك وێنەی هەرچوار کوڕەکەی بە سنگەوە گرتبوو کە شەهید بوبوون لە بۆردومانی فڕۆکەکانی تورکیا بێ ئەوەی گەریلا بووبن، تەنهاو تەنها لەبەرئەوەی کوردن و هەڵگری ناسنامەی کوردبوونن. لەگەڵ ئەوەشدا من ڕۆژنامەنووسم و هەوڵمداوە تا بکرێت زانیاریم دەستبکەوێت و کۆی بکەمەوەو خوێنەر زانیاری لەسەر ڕووداوەکان و ڕۆڵ و کاریگەرییەکانی پەکەکە وەکو ڕەوتێکی سیاسی و ناسیۆنالیست، هەمیشە پەرجوی زۆری خوڵقاندووە. بەتایبەت ئەوکاتەی کە سەرۆکەکەیان دەستگیرکرا، وا هەستدەکرا، پەکەکەش بەدەردی پڵنگەکانی تامیل دەچێت و لەناودەچێت، بەڵام هەرگیز وانەبوو، بەڵکو بەهێزترو کاریگەرتر بوو.

پەکەکەو پەیوەندییەکانی لەگەڵ پارچەکانی تری کوردستان، بەشێکی تری ئەم نامیلکەیە، کە کەم و زۆر هەڵچوون و داچوونی زۆری بەخۆیەوە بینیوە، بەڵام ڕەنگە خراپترین پەیوەندی لەگەڵ پارتی و باشترین پەیوەندی لەگەڵ یەکێتی بووبێت. لە ڕۆژئاوا و باکوور

بێ ڕکابەرە، لە ڕۆژهەڵات کەم و زۆر کێشەو گرفتی لەگەڵ هێزەکان هەیەو پەکەکەش دەبێت لەوە تێبگات ڕۆژهەڵات، بۆ پەکەکە، ڕۆژئاواو باکوور نییەو خاوەنی دوو هێزی مێژوویی جەماوەری گەورەن کە کۆمەڵە و دیموکراتن، کە دەبێت پەکەکە ئەمانە لەبەرچاو بگرێت و پەیوەندییەکانی باشتر بکات و ڕەنگە زۆریش مەحاڵ بێت پژاک بکاتە ئەلتەرناتیڤی ئەو دو هێزە.
لە دوایین بەشی ئەم نامیلکەیەدا، بیۆگرافیای پەکەکە تێدا خراوەتەڕوو، کە بۆ یەکەمین جارە ڕۆژنامەوانی کوردیەوە باس لە بیۆگۆافیا و هەیکەلی سیاسی و ڕێکخستنی پەکەکە بەوشێوەیە وردە بکرێت کە هێزێکە ڕێکخستنی بە شێوەی ئاسۆییە نەك ستونی.
هیوادارم ئەم نامیلکەیە خوێندنەوەیەکی تازە بێت و لەسەر ڕەوشی پەکەکەو گەلی کوردو ڕووداوەکانی ناوچەکە.

بەسوپاسەوە...

ئەنوەر حسێن
نیسانی 2015
سلێمانی

## هەڵکشانی کێڕقی پەکەکە دوای سەرهەڵدانی داعش

**«یان کۆتایی بە پەکەکە دێنم، یان کۆتایی بە پەکەکە دێنم»**
**تانسۆ چیللـەر، سەرۆك وەزیرانی تورکیا - 1993**

مێژووی چەوساندنەوەی گەلی کورد لە باکوور، زۆر لەوە کۆنترە کە یاسای 20ی کانوونی دووەمی 1921 دایڕشتوو دواتریش لە 9ی ئـازاری 1924 دا پێشەکی دەستووری بنەڕەتی بەمشێوەیە نووسراوە:

«دەوڵەتی ئێمە دەوڵەتێکی میللـیەو دەوڵەتێکی فرە نەتەوە نییە، دەوڵەت بێجگە لە تورك هیچ نەتەوەیەکی دیکە ناناسێت، هەندێك کەسی دیکە لەنێو تورکیادا ژیان دەکەن کە دەیانەوێت خاوەن مافی یەکسانی بن، بۆیە باسکردنی یەکسانی ئەوانیش بەپێی ڕەگـەزو ڕەسەنیان ڕەوا نییەو قەدەغەیە».

بەپێی هەمان سەرچاوە لە ڕاپۆرتەکانی سەبارەت بە کـورد لە (1925 – 2007) و لـەوە خراپتر دەستووری بنەڕەتی 1982 بەپێی خاڵەکانی 3 و 4 ی مـاددەی 26ی دەستووری بنەڕەتی 1982، نابێت ئەو زمانانەی کە دەربڕینی بیروڕا پێیان لەنێو دەستووری بنەڕەتیدا قەدەغەکراوە بەکاربهێندرێن...»، خاڵی 2ی ماددەی 28ی

ئەو دەستوورە دەڵێت: «ئەو زمانانەی کە لە دەستوور قەدەغەکراون، بەکارناهێنرێن».
واتا پێش ئەوەی پەکەکە دروست بێت، سڕینەوەی ناسنامەو زمانی کوردی خراوەتە بەرنامەوە، بەڵام لە دەیەی هەشتاکان تورکیا بەتەواوی بڕیاری قڕکردنی گەلی کوردی لە باکوور دا، سەرهەڵدانی پەکەکەش بیانوو بوو بۆ سوتماکردنی گوندو لادێکانی باکوور، لەهەمانکاتدا سەرلەنوێ زیندووکردنەوەی کورد بوو بۆ راپەڕین، داوا رەواکانی، بەرخۆدان و شۆڕش.
ئەم دوژمنکارییانەی ئەنکەرە بەرامبەر کورد بەردەوامبوو، چ لە سەردەمی ژەنەراڵ کەنعان ئیڤرین 1987 کە وتی: «باخچەکانتان چۆڵ بکەن و بگەڕێنەوە ماڵەوە»، لە 2ی مایس 1990 ئەرداڵ ئینینۆ سەرۆکی حزبی (SHP) پارتی گەلی سۆسیال دیموکراتی، وتی: «پێویستە لەو ناوچانەدا وەڵامی چەك بە چەك بدرێتەوە».
ساڵی 1993 مەسعود یەڵمازیش لەسەر ئەم سیاسەتانە بەردەوامبوو.
لە 5ی نیسانی 1996 بولند ئەجەوید سەرۆکی پارتی (DSP) و دەنیز بایکاڵیش کەمیان نەکردو سەردەمی سلێمانی دەمیراڵ و نەجمەدین ئەربەکان لە (2002) تا دەگاتە ئەردۆگان، بەردەوام لەسەر دژایەتی خواستەکانی گەلی کورد لە باکوور درێژەیان دا بە سیاسەتەکەیان، تەنها ئەوکاتانە نەبێت کە تورگووت ئۆزاڵ 1989 دەبێتە سەرۆك

**کۆمارو ڕەوشی کورد تا ڕادەیەك ئاڵوگۆڕی بەخۆیەوە بینی.**
**ئامارەکان دەڵێن: لەنێوان ساڵانی (1991 - 1994) (1000) کورد لەنێو کۆڵانەکانی باکوور کوژراون، کە سیاسی، کوردە مەدەنیەکان و خۆپیشاندەران بوون.**
**لە ساڵی 1994 دا (3000) گوندی کوردەکان لەسەر نەخشە ڕەش کراونەتەوەو زیاتر لە نیو ملیۆن دانیشتووی گوندەکان بێ خانوو و جێگە ماونەتەوە، تا ئەوکاتەی لە 26ی تشرینی یەکەمی 1994 دا تانسۆ چیللەری سەرۆك وەزیرانی تورکیا سەردانی توونجەلی دەکات و بێشەرمانە دەڵێت: «تا من بە چاوی خۆم نەبینم کە دەوڵەت گوندەکانی کاول کردووە، بڕوا ناکەم و هەر کۆپتەرێك کە ئێوە لەو ناوچانەدا دەیبینن، وامەزانن کە هی دەوڵەتی تورکیایە، چونکە لەوانەیە ئەو کۆپتەرانە هی پەکەکە، هی ڕوسیا، ئەرمینیاو ئەفغانستان بێت».**
**بەپێی ئامارە ناڕەسمییەکانیش لە شەڕی دەوڵەت و پەکەکەدا (60682) کەس شەهیدبوون و کوژران.**
**لەپاڵ ئەو هەموو دڕندەییەی تورکیا، خاڵێکی نێگەتیڤ و بێ مۆراڵ بۆچوونەکانی ئەمەریکایە کە لە ڕاپۆرتی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکادا لە ڕاپۆرتی 1995 دا دەڵێت: «سوریا دەرفەتی کارو چالاکی داوەتە ئەندامانی پەکەکە بۆ بازرگانی بە ماددەی بێ هۆشکەر».**
**بەڵام پاش ئەو هەموو جینۆسایدو تۆتالیتاریزەی تورکیا، ئێستا تورکیا گەیشتووەتە ئەو قەناعەتەی کە «پەکەکە وەکو**

بەرهەمێکی نکوڵیکردنی، هەبوونی کورد لەقەڵەم دراوە».
ئێستاش لەناو ئاڵوگۆڕەکانی ئـەم دوایـیـەی ناوچەکەو بەتایبەتی لە کوردستاندا، سەرلەنوێ پەکەکە وەکو هێزێکی گرنگ دەرکـەوت و دەورو نەقشی بەرچاوی گێڕا لەو رووداوانــە، بەتایبەت لە روبەڕووبونەوەی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) لە کۆبانێ و باشوور، سەرەڕای رۆڵی ئەم حزبە لە باکوور لەبواری مەدەنی و بەردەوامی پرۆسەی ئاشتی و خۆئامادەکردن بۆ هەڵبژاردنی حوزەیرانی داهاتوو بۆ پەرلەمانی تورکیا. سەرەڕای ئەمانە، پەکەکە لەگەڵ ئەم ئاڵوگۆڕانە وردە وردە پەیوەندی سیاسی، دیبلۆماسی و موخابەراتی لەگەڵ وڵاتانی خۆرئاواو ئەمەریکاو ناوچەکە پەرەپێداوە. خەریکە بۆچوونێکی نێودەوڵەتی دروست دەبێت کە ئەو حزبە لە لیستی تیرۆر دەربکەن. ئەوەش کە پەیوەندی بە کۆی حزبەکەوە هەیە، لە سـەرەوەی هەرەمەکە عەبدوڵڵا ئۆجەلانە. قسەی یەکەم دەکـات و باسی ئازادکردنی دەکرێت.
بەتایبەت لە پەیامی 21ی نەورۆزی 2015 بەبەشداری یەك ملیۆن کەس لە ئامەد پەیامەکەی خوێندرایەوە و سەرنجی هەموو لایەکی بۆ پرۆسەی ئاشتی راکێشاو هیچ گوومان ناکرێت لەوەی ئۆجەلان دەبێت ماندێلا و ئون سان سوگی رەنگە هـەر ئـەوەش وابکات بڵێین ئۆجەلان شایستەی خەڵاتی نۆبڵە.

## کۆبانێ

**کۆبانێ دەبێتە کۆمۆنی پاریس و شۆڕشی ئۆکتۆبەر، ئەوەی لای من گرنگترە ئەوەیە کە بەڕێوەبردنی سیاسی ئەم بەرخۆدانەی کۆبانێ زۆر تایبەتە، ئەم ڕێکخستنی بەرخۆدانە نە زادەی لایەنگرییەکی ئیسلامیستەو تەنانەت بنچینەشی بەتەنها لـەسـەر ناسیۆنالیزمی کوردییە، لەکاتێکدا لە سەرەتاوە پشتی بە باڵی خۆجێیی پەکەکەیە. ئـەو پارتەی کە لەڕاستیدا بە بنچینە کوردییە، بەڵام پارتێکە بە ئاشکرا بانگی ئینتەرناسیۆنالیزم دەکات.**
**ئالان بادیۆ-فەیلەسوفی فەرەنسی**

کۆبانێ، ئەگەرچی قوربانی زۆری دا، بەپێی چەند ئامارێکی نارەسمی نزیکەی (400) شەڕڤانی یەپەگە شەهیدبوون، کە (116) لەوانە ژنانن، بەڵام لەسەر ئاستی جیهانی و میدیای نێودەوڵەتی. وەکو سیمبوڵ و رەمزی قارەمانی و بەرخودان ناوبانگی دەرکرد، دژی فەندەمێنتاڵیزمی تیرۆریستی داعش.
کۆبانێ کە یەکێکە لە کانتۆنەکانی رۆژئاواو سەر بە پارێزگای حەلەبە، لە (400) گوند پێکهاتووە، لە ساڵی 1892 دروستکراوە، دەکەوێتە باکووری خۆرهەڵاتی سوریا لە سنوری باکووری کوردستان (تورکیا) زۆر نزیکە، تەنها (30) کیلۆمەتر لە فوراتەوە دوورە، ژمارەی دانیشتووانی (350000) کەسە، پێکهاتەی دانیشتووانی (کورد، ئەرمەن و عەرەب)ن.
لە 19-7-2012 (PYD) دەستیان بەسەردا گرت، لەپاڵ عەفرین و جەزیرە وەکو کانتۆنەکانی خۆرئاوا راگەیەندرا.
سەرەنجام لە 2013، کۆبانێ لەلایەن داعشەوە پەلامار

دراو هـەر ئەوکات ڕێـدرۆ خەلیل وتەبێژی (یەپەگە) ڕایگەیاند: «ئەم هێرشانە لە ئاکامی ترسی ئیسلامییەکانە لەسەر قەڵەمڕەوەکەیان».
نووسەری فەڕەنسی بێرنارد هێنری لێڤی لە وتارێکدا دەربــارەی کۆبانێ دەڵێت: «کۆبانێ قوربانی حسابە چەوتەکانی ئەردۆغانە کە یاری بە شەیتان دەکات».
جەنگیز چانداری ڕۆژنامەنووسی بەناوبانگی تـورك و دۆستی کورد لە ڕۆژنامەی ڕادیکاڵ دەنووسێت: «لەو مانگەدا کوردەکانی سوریاو تورکیا زیاتر ئاوێتەی یەکتر بوون».
ڕۆژنامەی دێرشێبگڵی ئەڵمانیش دەربارەی خەڵکی کۆبانێ دەنووسێت: «خەڵکێکی فەرامۆشکراو».
ژنـە نـووسـەری بەناوبانگی عـەرەب نـەوال سەعداوی لەبارەی کۆبانێ دەنووسێت: «دەبێت شانازی بە ژنانی کۆبانێ-وە بکەین».
هەر ئەوکاتەش ئەنوەر موسلیم سەرۆك وەزیرانی کانتۆنی کۆبانێ وتی: «دڵنیاتان دەکەمەوە، کە هەرگیز کۆبانێ ناکەوێت».
بـەڵام لە هەموو ئـەوانـە گرنگتر بۆچوونەکانی ئالان بادیۆی فەیلەسوفی فەڕەنسی بـوو. لە مانگی شوباتی 2015، سەبارەت بە کۆبانێ وتی: «دواتر کۆبانێ دەبێتە کۆمۆنی پاریس و شۆڕشی ئۆکتۆبەر، ئـەوەی لای من گرنگترە ئەوەیە کە بەڕێوەبردنی سیاسی ئەم بەرخۆدانەی

کۆبانێ زۆر تایبەتە، ئەم رێکخستنی بەرخۆدانە نە زادەی لایەنگرییەکی ئیسلامیستەو تەنانەت بنچینەشی بەتەنها لەسەر ناسیۆنالیزمی کوردییە، لەکاتێکدا لە سەرەتاوە پشتی بە باڵی خۆجێیی پەکەکەیە. ئـەو پـارتـەی کە لەڕاستیدا بە بنچینە کوردییە، بەڵام پارتێکە بە ئاشکرا بانگی ئینتەرناسیۆنالیزم دەکات.. چالاکی کۆبانێ هەندێك چۆنێتی ئەو پەرەسەندنەی لە چەندین دەیەی رابردووی ئەم ناوچەیە بینیومانە دەگۆڕێ...».

تەنانەت کۆبانێ و بەرخودانی هێزەکانی یەپەگەو یەپەژە، کە سەر بە کەجەکەو کۆنسەی سەرۆکایەتی کەجەکەیە، کە لـەلایـەن پـەیـەدە بەڕێوەدەبرێت و سـەر بە کۆی سیستمەکەن. کە کەجەکە یان پەکەکە بەڕێوە دەبات.

کۆبانێ (10%)ی بەدەست کـوردەوە مابوو، ئەوەی تری کەوتە دەست داعش.

ئـەوەی لە کۆبانێ روویـدا، دەرفەتێکی مێژوویی بوو تا پەکەکە وێنەی تەڵخی خـۆی لای جیهانی خۆرئاوا بگۆڕێت. دیمەنەکانی شەڕڤانانی کچان و کوڕانی کۆبانێ، تـەواوی ئەو رۆڵە خراپەی ئەمەریکاو خۆرئاوای گۆڕی، کە دەیانووت پەیەدەی سەر بە پەکەکەش هەر مۆدێلێکی تیرۆریستییە، بەڵام مەحاڵ خولڤێنیەکەی پەیەدە، توانی سەرنج و عەقڵی هەموو دونیا رابکێشێت. کە دارو بەردی ئەو شارە هەمووی کەوتووە، بەڵام ئینسانەکانی ناوی هێشتا بە پێوە دەجەنگن. وەکو مەریوان وریا قانع-ی

نووسەر دەڵێت: «ئەمانە هەڵگری خەسڵەتی شۆڕشگێڕین و ئایدۆلۆژیایەك ئاڕاستەیان دەكات، خەونێكیان هەیەو نایەوێت تەنها لەپێناو ژیاندا شەڕ بكەن».

كە بەختیار عەلی نووسەر ئەمەی دوایـی دەوت. بەڵام ئـاراس فەتاحی نووسەر باشتر روونیكردەوەو وتی «گەر تەنها لەپێناو ژیانی رووت بێت. شەڕڤانەكان دەتوانن رابكەن و نەجەنگن».

بێگومان رێك ئەوە راستە. كە شەڕڤانانی یەپەگەو یەپەژە، بەشێكن لە هەیكەلی رێكخستنی باڵی سەربازی كەجەكە (KCK) كە موراد قەرەیڵان سەرۆكایەتی كۆی گروپەكانی باڵی سەربازی دەكات لە ئێستادا، كە پێكدێن لە (HPG - هێزەكانی پاراستنی گەل) و (YPG - یەكینەكانی پاراستنی گـەل) و (HRK- هێزەكانی رۆژهـەڵاتـی كوردستان) و (YPJ- یەكینەكانی پاراستنی ژنان) و (YJE STAR- یەكێتی ژنانی ئـازادی - ستار) و (YPSH - یەكینەكانی پاراستنی شەنگال- HPJ هێزەكانی پاراستنی ژنانی رۆژهــەڵات)، كە ئەمانە وەكـو باڵی سـەربـازی نـاسراون و هەركامیان فەرماندارییەتی هەیەو هەموو فەرماندەكانی ئەم هێزانەش ئەندامی كۆنسەی بەڕێوەبەرین. بەڵام ئاشكرا نییە، بەڵكو راستەوخۆ وابەستەن بە (KCK - كۆما جڤاكێن كوردستان).

واتـا كـۆی ئـەم هێزانە، سـەر بـە یـەك مۆدێلی حزبی، ئایدۆلۆژی و رێكخراوەیین، كە بە پەكەكە نـاسراوەو كارێزماكەی وەكو خۆیان دەڵێن ئاپۆیە.

واتا کۆبانێ دەروازەیەکی نوێ بوو، بەسەر پەکەکەدا، کە بتوانێت لەگەڵ ئەو هەلومەرجەدا خۆی بگونجێنێت و لە سەرسەختترین نەیارەکانی کە دەستیان لە گرتنی ڕێبەرەکەیاندا هەبوو نزیکبێتەوە.
بەپێی سەرچاوەیەکی تایبەت و نزیك لە پەکەکە، لە دوایین شەڕەکانی کۆبانێ-دا، کاتێك پەکەکە داوای هاوکاری چەك دەکات بۆ کۆبانێ. هێزەکانی دژە تیرۆری سەر بە یەکێتی دوانزە تەن چەك و هێزەکانی پارتی دوو تەن دەرمان ئامادە دەکەن. داوا لە ئەمەریکییەکان دەکرێت، کە بە فڕۆکە بدرێتە شەڕڤانان، تورکیا لەسەر داواکەی ئەمەریکا رازی نابێت. بەڵام دواتر بە دەخاڵەتی فرانسۆ هۆلاندی سەرۆکی فەڕەنساو حکومەتی فەڕەنسی کە رایدەگەیەنێت: «ئەگەر ئەمەریکا ئامادە نییە هاوکاری شەڕڤانان بکات، ئێمە بێ رەزامەندی تورکیا ئەو کارە دەکەین». پاشان تورکیا ناچار دەبێت مل بدات بە خستنە خوارەوەی ئەو چەك و کەلوپەلە سەربازییانەی لەلایەن دژەتیرۆر کڕدرابوون و بە قسەی سەرچاوەیەکی نزیك لە پەکەکە، لاهور شێخ جەنگی سەرۆکی دەزگای زانیاری و ئاژانسی پاراستن و لێپرسراوی هێزی دژەتیرۆری یەکێتی، رۆڵێکی یەکجار گەورەو مێژوویی گێڕاوەو رۆڵی گەورەی هەبوو لە نەکەوتنی کۆبانێ.

ئەگەرچی ئەوکات یەکێك لە پەڕەشوتەکان بە چەك و گوللـەهاوەنەوە کەوتە دەست داعش. بەڵام باس لەوە دەکرێت ئەوە بە مەبەست بووە، بە ئاگاداری پەکەکە و دژە تـیـرۆر بــووە. کـە هـەرکـام لـەو پـارچـە چەك و گوللـە هاوەنانە (GPS) لەسەر دانــراوە لەلایەن ئەمەریکییەکانەوە. دواتریش هاوکاری باشی فڕۆکەکانی کردووە بۆ لێدانی پێگەو مۆڵگەکانی داعش.

سەرەنجام کۆبانێ، هـەم بۆ کـورد بـووە سیمبوڵێك بۆ مێژوو، هەم بۆ پەکەکەش دەروازەیەکی نوێ بوو کە لەپاڵ پێشمەرگە نیشانی بدات، کە نەك گروپێکی تیرۆریستی نییە، بەڵکو تەنها ئەو بوو لە ناوچەکە توانی بەر بە فۆبیاو ترسی داعـش لەو ناوچانە رابگرێت. ئەمەریکاو خۆرئاواش توشی شەرمەزارییەکی گەورە بوون. کە دەبێت ئیتر هەڵوێست وەربگرن و داکۆکی لەو ئینسانانە بکەن کە داستانی یۆتۆپی تۆمار دەکەن.

هەرئەمەشە وا دەکـات لە ناوەڕاستی شوباتی 2015 دا لە کۆشکی ئەلیزێ لە فەڕەنسا لەلایەن فرانسۆ هۆلاندەوە پێشوازی لە (ئاسیا عەبدوڵڵا هاوسەرۆکی پەیەدە و نەسرین عەبدوڵڵا فەرماندراری هێزەکانی پـەیـەژە) بکات بە جلوبەرگی سـەربـازی و یەپەژەو جلوبەرگی کوردییەوەو وەکـو کەناڵی تەلەفزیۆنی فەڕەنسا دەڵێت «ئەو ژنانەی کۆبانێ-یان رزگارکرد ئێستا لە پاریسن».

**نەسرین ئەوەشی بە میدیاکان ڕاگەیاند کە «ئەو پێشوازییە، ڕێزگرتنە لە خەباتی گەلی کـوردو بە ڕەسمی ناسینی کانتۆنەکانی ڕۆژئاواو پەیامێکیشە بۆ ئەنکەرە».**

**داعش و پەکەکە**

**بە قسەی یەکێك لە ئەندامانی مەجلیسی پەکەکە، کە یەکێکە لەو (50) کەسەکەی ئەو مەجلیسە وتـی: «لە (2012 - 2015) دا (8000) گەریلای تازە هاتوونەتە چیا لە قەندیل، بەمەش ژمارەی گەریلاکانی (HPG) بووەتە (16000) گەریلای راهێنراو، کە زۆربەیان لە کـوڕان و کچانی باکوورن.**

**ئەندامێکی مەجلیسی پەکەکە**

دەرکەوتنی داعش لە رەقەو دیرزور لە سوریا، یەکەم کاریان پەلاماردانی کانتۆنەکانی رۆژئاوا بوو، بەڵام بە پشتیوانی تورکیا.
سەرەنجام هەر لە سەرەتای شۆڕشی سوریاو رزگارکردنی خۆرئاوا، پەکەکە ئەوکات (300) فەرماندارو راهێنراوی خۆی لە قەندیلەوە ناردە ناوچە کوردییەکان و دەستیکرد بە دانانی سەرۆك شارەوانی، ناحیە، قائیمقام و رێکخستنی فەرمانگەو دامەزراوەکان بە نهێنی و هەر کە سوریا لەو ناوچانە پاشەکشەی کرد. پەکەکە لە رێگەی پەیەدەوە ئامادەسازی نهێنی تەواوی کردبوو، هەرزووش دەستیکرد بە دامەزراندنی (یەپەگە و یەپەژە) و کوڕان و کچانی خۆرئاوایان خستە خولی سەربازییەوەو سوپایەکی (10000) شەڕڤانیان پێکهێنا. دواتریش زۆرترو زیاتر بوو، ئەوەش بەهۆی ئەو پێگەو مێژووەی کە ئۆجەلان و پەکەکە لە رۆژئاوا

هەیانبوو لە دەیەی هەشتاکان و نەوەدەکان و بەپێی چەند ئامارێکی نارەسمی پەکەکە (7000) شەهیدی هەیە لە رۆژئاوا.

بۆیە پێش ئەوەی 10ی حوزەیرانی 2014 داعش بپەڕێتەوەو عێراق و موسڵ داگیربکات، لەگەڵ پەکەکە کەوتبووە شەڕ. کاتێکیش داعش پەلاماری شەنگال و مەخموری دا. پەکەکە (120) گەریلای لە قەندیلەوە ناردو بەشداری شەڕی کردو لە شەڕەکانی دواتـری مەخمور و گوێر، پەکەکە ئامادەیی هاوکاری زیاتری نیشاندا. لە یەکێك لە شەڕە مەترسیدارەکان بۆ سەر هەولێر، جەمیل بایك (جومعە) هاوسەرۆکی کۆڤا جڤاکێن کوردستان (KCK) کاتژمێر دووی شەو دەگاتە کۆیەو لەگەڵ مەلا بەختیار لێپرسراوی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ك) کۆدەبێتەوە، کە بڕیار بوو بارزانیش ئەو شەوە بگاتە کۆیە، بەڵام دواتر مەلا بەختیار رادەسپێرێت. لەسەر هەرچییەك رێککەوتن من رازیـم و تۆ نوێنەری منیت، ناتوانم بێمە ئەو کۆبوونەوەیە. دواتر هەر ئەو شەوە بایك دەگەڕێتەوە قەندیل. وەکو یەکێك لە نزیکەکانی سەرکردایەتی پەکەکەش گێڕایەوە، کە بایك زیاد لەپێویست ستایشی هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەدی کردووە لەو بارودۆخەدا کە رۆڵێکی یەکجار گەورەی گێڕاوە.

هەرچەندە پەکەکە، بە هێزێکی (400 - 600) کەسی بەشداری لە هەموو بەرەکانی شـەڕی باشووردا کـردو بە وتـەی جەمیل بایك لەوشەڕانەی باشور هەپەگە (160)

گەریلا شەهیدبوون، بەڵام توانی لەڕووی سۆزەوە کاریگەری زۆر دابنێت لەسەر خەڵکی کوردستان بەگشتی و باشوور بەتایبەتی.
بەتایبەت کە میدیای پەکەکەو بگرە میدیاکانی (ی.ن.ك) ڕۆڵیان زۆر بوو لە ڕاکێشانی سۆزو هاودەردی بۆ لایەنگری پەکەکە.
جەمیل بایك لەوبارەیەوە دەڵێت «بە تەنها لە مانگی ئابی 2014 دا (1200) هەڤاڵ پەیوەندییان بە ڕیزەکانی پەکەکەوە کردو بوونەتە گەریلا.
بەپێی قسەکانی بایك بێت «لە مێژووی دروستبوونی پەکەکەوە، هیچ کات ئەوەندە کوڕو کچ لە ماوەی یەك مانگدا پەیوەندییان بە شاخەوە نەکردووە».
بێگومان، ئەو ژمارە زۆرە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە سیاسەت، تاکتیك و شەڕەکانی پەکەکەوە هەبووە لەدژی داعش.
لەکاتێکدا، بە قسەی یەکێك لە ئەندامانی مەجلیسی پەکەکە، کە یەکێکە لەو (50) کەسەکەی ئەو مەجلیسە وتی: «لە (2012 - 2015) دا (8000) گەریلای تازە هاتوونەتە چیا لە قەندیل، بەمەش ژمارەی گەریلاکانی (HPG) بووەتە (16000) گەریلای ڕاهێنراو، کە زۆربەیان لە کوڕان و کچانی باکوورن.
بە قسەی ئەو ئەندامەی مەجلیسی پەکەکە، دوو ساڵ جارێك کە کۆنگرە دەبەسترێت ئەم کۆمیتەیە یان مەجلیسە

هەڵدەبژێردرێت و (50) کەس دەبنە ئەندام لەو مەجلیسە.
ئەرکەکانی بریتین لە (دروستکردنی کادر، پەروەردەکردنی ئارتەش، دارِشتنی تیۆر و نـەزەری، راگەیاندن و هۆشیاری گـەل و کۆمەڵگە لە روانـگـەی فکری و ئـایـدۆلـۆژی)، کە هـەرکـام لـەم لیژنانە راستەوخۆ یەکێك لە ئەندامانی مەجلیس سەرپەرشتیان دەکات و پەیوەستە بە (KCK) و کۆنسەی سەرۆکایەتییەوە.
واتا پەکەکە لە چوار ساڵی رابـردوودا کە هاوکاتە لەگەڵ پـرۆسـەی ئاشتی لـە بـاکـوور، چاککردنی پەیوەندییە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکانی شەڕی داعش و هەڵکشانی پەیوەندییەکانی لەگەڵ یەکێتی، باشتر خۆی تەیارو چەکدار کردووەو ریزی گەریلاکانی کردووەتە دوو هێندە.
بێگومان ئـەوەش هۆکاری خـۆی هەیە، کە دواتـر باسی دەکەین بۆچی؟ بەڵام واقیعەکە شەڕی داعش و بەشداری پەکەکە لە رۆژئـاواو بـاشـوور، کێرڤی چانسی پەکەکەی زۆر لە ئاستی چاوەڕوانی لە ئاستی ناوخۆیی، ناوچەیی و نێودەوڵەتی بـەرزکـردەوە، کە چـاوەڕوان نەکراو بوو بۆ خودی پەکەکەش بەو ئاست و رادەیە.
بەتایبەت لەسەر ئەو مانیفێستۆیەی کە جەمیل بایك لە سەرەتای هاتنی داعشەوە بۆ باشوور دایڕشت، کە دەڵێت «لەهەرکوێ گەل پێویستی بە ئێمە بێت، بەرگری دەکەین».

## پەکەکەو پارچەکانی تری کوردستان

### یەکەم: باشوور

**«ئایا پارتی رێگا دەدات، لە دهۆك. حزبێك بێ مۆڵەت کاربکات؟ بێگومان نەخێر». وتیشی: «کەواتا ئەمە بۆ حزبەکانی سەر بە پارتیش لە رۆژئاوا راستە».**

**جەمیل بایک**

1) پەیوەندییەکانی پەکەکە و پارتی

یەکێك لە بەرپرسەکانی پەکەکە وتی: «ئێمە ناخوازین پارتی دیموکراتی کوردستان تەواو بێهێز بێت، چونکە لە بادینان ئیسلامییەکان بەهێز دەبن».
ئەمە قسەیەکی سادەیە، بەڵام بەتەنها بابەتەکە ئەمە نییە، بەڵکو بەدوای دروستبوونی پەکەکە، بەریەککەوتنی نێوان ئەم دوو هێزە لەمدیو و ئەودیو هەبووەو هەرکامیان ئەوی تری بە مەترسی زانیوە لەسەر لایەکەی تر، چونکە سنورەکانیان نزیکەو هاوبەشە، جوگرافیایەکی پانوپۆڕی شاخاوی جیایان دەکاتەوەو زۆرینەی کوردەکان هەردوو دیو بە زاراوەی کرمانجی قسە دەکەن.
بەڵام پاش گۆڕینی سەنگی هێزەکان، پارتی تەواو هەست بە مەترسی گەشەی پێگەو نفوزی پەکەکە دەکات. بەتایبەت لەدوای راپەڕینی 1991. پەکەکە لە

باشوور باشتر خۆی رێکخست و مەترسی زۆرتریشی بەدوای خۆیدا هێنا. تا گەیشتە شەڕی ناوخۆ.
بـەڵام پێنج خاڵی گرنگ ئـەم ململانێیەی تـەواو پەرە پێگرت:
یەکەم/ نزیکبوونەوەی پارتی و حکومەتی ئەنکەرە لە چەند ساڵی رابــردوودا و بەشداری بەرپرسەکانی پارتی لە بۆنەو یادەکانی ئەکەپە. تـەواو یەکەکەی نیگەران کـردووە، بەوەی کە ئەو نزیکبوونەوەیە لەسەر حسابی یەکەکەیەو پەیوەندییە ئابوورییەکانی بەتایبەت کەیسی نـەوت. نیگەرانی زۆری دروستکرد بـەوەی کە ئەکەپە سوودی زۆرتری لێوەردەگرێت.
دووەم/ دەرکەوتنی داعش و هاتنە خوارەوەی گەریلاکانی هەپەگە لە قەندیل بۆ شەنگال و مەخموور و گوێر بۆ شەڕی داعـش. هەرچەندە بە ئاگاداری یەکێتی و پارتی بـوو، بـەڵام پارتی هەستی بـەم مەترسییە کـرد کە لە ناوچەکەدا دروستبووەو سۆزو عەتفی گەنجانی بادینانی راکێشاوەو رۆڵی لە کامپی مەخموور زۆرترو زۆرتر بووە، باسکردن لە دروستکردنی کانتۆنی شەنگال. تەواو پارتی گەیاندە یەقین کە یەکەکە دەیـەوێـت سنور و پێگەو دەسـەڵاتـی پارتی بێهێز بکات و بۆ یەکجاری نەچێتە دەرەوە.
بۆیە ئەم مەسەلەیە. پارتی گەیاندە ئەوەی کە هەڕەشەی جددی بکات و راگەیاندنی حزبی و حکومی دەربکات

و میدیاكانی پارتی هێرشی چڕیان دەستپێكردو بەپێی قسەی سەرچاوەیەك: پارتی داوای لە بەرپرسانی یەكێتی كـردووە كە قسە لەگەڵ پەكەكە بكەن، چونكە گوێ لە ئێوە دەگـرن. با ئەو كارانە نەكات، چونكە قابیلی قبوڵ نییەو كێشەو شەڕی لێ پەیدا دەبێت.
ئەو شـەوەش كە ئەنجومەنی خۆبەڕێوەبەری شەنگال پێكهات، یەكێك لە دۆستەكانی پەكەكە لە باشوور قسە لەگەڵ دوو لە سەركردەكانی یەكێتی دەكـات، كە بەڵكو ئەوانیش قسە بكەن و پەكەكە واز لە مەسەلەی كانتۆن بهێنێت، پاش ئەوەی پەیوەندی بە جەمیل بایك هاوسەرۆكی كەجەكە دەكرێت، رازی دەبێت كە واز لە كانتۆن بهێنێت و بۆ رۆژی دواتر كۆنسەی سەرۆكایەتی كەجەكە. راگەیاندنێك دەدات، كە ئەوان باسی كانتۆنیان نـەكـردووەو پشتگیری لە ئەنجومەنی خۆبەڕێوەبەری شەنگال دەكەن.
لەبارەی باوەڕی یەكێتی، بەرپرسێكی یەكێتی وتی: «بۆیە لەگەڵ كانتۆن نین، چونكە گرفتی بەدوادا دەهات و دوور نەبوو پەكەكە دواتر داوای كانتۆنی پشدەریش بكات».
بەڵام ئەو مەترسییە، پارتی هێشتا لە شوێنی خۆیەتی و بۆچوونەكانی پەكەكەش لەڕووی ستراتیژییەوە نەگۆڕاون و تەنها تاكتیكن و دروستكردنی (یەپەشە - یەكینەكانی پاراستنی شەنگال) پڕمەترسیترینە.

**سێیەم/ ڕووداوەکانی سوریا لە 2011 و دابەزینی گەریلا لە قەندیلەوە بۆ شارەکانی ڕۆژئـاوا، پەیوەندییەکانی پارتی و پەکەکەی خراپتر کرد، چونکە هەرزوو (پەیەدە) هێزەکانی ئاسایشی دروستکردو یاسای مۆڵەتی حزبەکانی دەرکردو دواتر کانتۆنەکانی (کۆبانێ، جەزیرە و عەفرین) ی دروستکردو پێویست بوو هەموو هێزەکانی تر پابەندی یاساکانی (پەیەدە) و تەڤدەم بن.**

**ئـەوەش پارتی توشی نیگەرانی کـرد، کە داوایـکـردووە ڕۆژئـاوا لەلایەن پەیەدەو تەڤدەم، لایەنگری پەکەکەو حزبەکانی ڕۆژئــــاوای سـەر بـە پـارتـی (ئەنەکەسە) بەڕێوەببرێت.**

**بــەڵام پەکەکە ئـەمـەی قـبـوڵ نـەکـردو جەمیل بایك لەمبارەیەوە ڕایگەیاند: «ئایا پارتی ڕێگا دەدات، لە دهۆك. حزبێك بێ مۆڵەت کاربکات؟ بێگومان نەخێر». وتیشی: «کەواتا ئەمە بۆ حزبەکانی سەر بە پارتیش لە ڕۆژئاوا ڕاستە». لەمبارەیەوە هەڵوێستی یەکێتی ئەوە بوو کە «پێویستە دەخالەت لە کاروباری ڕۆژئـاوا نەکرێت و ئەوەندەی پێویستە هاوکاری بکرێت».**

**یەکێك لە بەرپرسی حزبەکانی ڕۆژئاواو دۆستی یەکێتیش جارێك وتی: «ئاسایش لە ڕۆژئـاوا ڕێگا نـادات. تەنانەت ڕۆژنامەکانی ئێمەش بێ ئیزنی ئەوان دەرباز بن».**

**هەرچەندە ڕێککەوتنی هەولێرو دواتـر دهـۆك هەبوو لەنێوان پەکەکەو پـارتـی. بـەڵام هیچیان پەیوەندییە**

خراپەکانی ئەوانی چاك نەکرد. تا ئەم ساتەش. هێزەکانی دۆستی پارتی و بەتایبەتی پارتی دیموکراتی کورد - سوریا. جێگەو پێگەی گرنگی وای نییە کە پارتی دەیەوێت و لە کۆبوونەوەکانی نێوان تەڤدەم و ئەنەکەسەش ئامادە نەبوو.

هەربۆیە پارتی و ئەنەکەسە لەیەکەم پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی کانتۆنی جەزیرە دژایەتی خۆیان راگەیاند و بەناشەرعییان لە قەڵەمدا و ئەنەکەسە بایکۆتی ئەو هەڵبژاردنەی کرد، بەڵام یەکێتی رێزی لە هەڵبژاردنەکە گرت و بەپێی سەرچاوەیەکی یەکێتی، دەزگای هەڵبژاردنی یەکێتی هەموو پێداویسیتیەکانی هەڵبژاردنەکەی لە رووی مادی، کادر، سندوق، مۆر و پارەی پێویست بۆ ئەو هەڵبژاردنە دابین کردووە.

چوارەم/ کێشەو گرفتەکانی نێوان پارتی و پەکەکە لە کۆتایی 2013 لەسەر کۆنگرەی نەتەوەیی، کێشەو قەیرانەکانی نێوان هەردوولای قوڵتر کردەوە، هەرکامیان لایەکەی تر تۆمەتبار دەکات، بەڵام بەرپرسێکی یەکێك لە حزبەکانی کوردستانی رۆژهەڵات وتی: «ئەوان هەردووکیان هۆکاری تێکدانی کۆنگرە بوون، چونکە پارتی دەیویست خۆی سەرۆکی کۆنگرەکە بێت، بۆ چەند ساڵێك، بەڵام پەکەکە دەیویست بە دەوری بێت و ئاکامیش کۆنگرە بێ ئاکام بوو».

پێنجەم/ ڕۆڵی ئێران لە قەیرانەکانی نێوان پارتی و پەکەکە، کاریگەری زۆری هەبوو. بەوەی کە هەمیشە هاوکاری پەکەکە دەکات دژی سیاسەتەکانی تورکیا لە ناوچەکەداو تاران پێیوایە، پارتی زیاد لە پێویست بەرژەوەندییەکانی تورکیا دەپارێزێت و چووەتە پشت سوننەکانەوەو پشتی لە شیعەکان کردووەو ئەمەش بە بۆچوونی تاران واتا دژایەتی ئێران و سیاسەتەکانی.
لەمبارەیەشەوە. تاران، کارتی پەکەکەی دژی پارتی بەکارهێناوەو گەر دیقەتی میدیاکانی ئێرانیش بدرێت. زۆر بە گرنگییەوە باس لە پەکەکە و پەیەدە و شەڕڤانان دەکەن و زیاد لە پێویست گرنگی بە ڕووداوەکان دەدەن. بۆیە بۆچوونێك هەیە بانگەشە بۆ ئەم سیاسەتە دەکرێت و دەڵێت: «ئێران، سوریا، پەکەکە، عێراق و یەکێتی لەناو جەمسەرێکدان کە ئێران کاریگەری گەورەی هەیە». بەڵام پەکەکەو یەکێتی ئەمە ڕەتدەکەنەوە.

2) پەیوەندییەکانی پەکەکەو یەکێتی

یەکێتی لە سەرەتای دروستبوونی پەکەکەوە هاوکاری زۆری ئـەم حزبەی کـرد. یەکێك لە سەرکردەکانی یەکێتی کە خەڵکی رۆژئـاوایـە وتـی: «لە سەرەتاوە ئۆجەلان لە بارەگاکانی ئێمە بـوو لە سوریا، مام جەلال زۆر هاوکاری کردن».

دوابـەدوای ئەوەش لە پرۆسەی ئاشتیدا لە سەردەمی ئۆزالدا مام جەلال ئەندازیاری پرۆسەکە بوو، جەنگیز چاندار رۆژنامەنووسی تورکیا لە کتێبی شەمەندۆفێری میزۆپۆتامیا باس لە رۆڵی مام جەلال دەکات، لە ساڵی 1993 کە پەکەکە ئاگربەستی راگەیاندو تاڵەبانی رۆڵی گەورەی تێدا گێڕا. چاندار دەڵێت: «تاڵەبانیم ئاگادار کـردەوە لە بارودۆخی نالەباری تورگووت ئـۆزال کە تێکەوتووە.. پێویستە ئاگربەست درێژبکرێتەوە». چاندار دەڵێت: «دوای ماوەیەکی کـورت تاڵەبانی

تەلەفۆنی کردو وتی: «دەتوانیت بە سەرۆك کۆمار بڵێیت، بەدڵی ئەو دەبێت».
چاندار سەبارەت بە رۆڵی مەزنی تاڵەبانی دەڵێت: «لە ئێوارە خوانێکدا لە عەشق ئابادی پایتەختی تورکمانستان بن کە سەرۆك کۆمار رێکیخستبوو، بەچپەوە، پەیامەکەی ئۆجەلانم لەسەر زاری تاڵەبانی بە ئۆزال وت».
چاندار دەڵێت: «هەروا دەرچوو، رۆژی (17-5-1993) ئۆجەلان لە قەزای بار ئەلیاس لە دۆڵی بیقاعی لوبنان. ئاگربەستی درێژکردەوە».
هەر ئەو بەیانییە ئۆزال جەڵتەی دڵ لێیداو دوانیوەڕۆش کە بڕیاربوو یەکتر ببینن لە حەربیە، هەواڵی مردنی هات.
ئەمە کورتەیەکی ئەو سەدان هەوڵەی تاڵەبانییە لە پرۆسەی ئاشتی پەکەکەو تورکیاو یارمەتیدانی پەکەکە داویەتی.
محەمەد ئەمین پێنجوێنی سیاسەتمەدارو دۆستی نزیکی ئۆجەلان و پەکەکە، بۆی گێڕامەوە کە «رۆژێك پێش ئەوەی تاڵەبانی نەخۆش بکەوێت، لە بەغدا لایبووم و دوو پرۆژەی هەبوو کە دووەمیان پەیوەندی بە پرسی پەکەکەو پرۆسەی ئاشتی باکوورەوە هەبوو، کە زۆر گرنگ بوو، بەڵام نەخۆشی دەرفەتی نەدا».
کاتێکیش ئۆجەلان دەستگیرکرا، مام جەلال دووان لە سەرکردەکانی یەکێتی بانگ دەکات و نامەیەکی تایبەتیان

پێدا دەنێرێت بۆ جەمیل بایك. كە لە نامەكەدا هاتبوو «خۆڕاگر بن و چۆك دانـەدەن و بـەردەوام بن لە خەبات و من و یەكێتی بە هەموو شێوەیەك هاوكارتان دەبین».
بەپێی سەرچاوەیەكی تایبەت، یەكێتی لە هەڵبژاردنەكانی 2010 توركیاش چ مـاددی و چ مـەعـنـەوی، پاڵپشتی سەرەكی بەدەپە بووە لە بەدەستهێنانی (36) كورسی لە پەرلەمان و ئێستاش یەكێتی و سەركردەكانی، بەتایبەت بەهرۆز گەلاڵی نوێنەری یەكێتی لە توركیا، رۆڵێكی یەكجار گەورە دەگێڕێت لە سەركەوتنی پرۆسەی ئاشتی و بەپێی سەرچاوەیەك «گەلاڵی دۆستی نزیكی پەكەكەیەو هەمیشە سەرنجەكانی پەكەكەو یەكێتی دەگەیەنێتە حكومەتی ئەنكەرەو لەسەر رێبازی مام جەلال دەڕوات لە پرۆسەی ئاشتیدا».
لە فایلی رۆژئاواش، یەكێتی نەك هەر پاڵپشت و پشتیوانی پەكەكە بـوو، بەڵكو یەكەم سـەردانـی ساڵح موسلیمی هاوسەرۆكی پەیەدە بۆ سلێمانی بوو، یەكەم بارەگاشیان لە سلێمانی مۆڵەتی پێدرا.
بەتایبەتی میدیای یەكێتی، بەقەدەر میدیاكانی پەكەكە، پاڵپشتی خەباتی رۆژئـاواو باكووریان كـردووە. تەنانەت زۆرجـار گلەیی ئەوە لە یەكێتی دەكرێت، كە میدیاكەی خستووەتە خزمەتی خەباتی رۆژئاواو باكوورەوە.
جـارێـك زوبـێـر ئـایـدارو رەمــزی كـارتـاڵ لـە برۆكسل لە بارەگای (كەنەكە) كە سەرقاڵی چا خـواردنـەوە بووین،

وتیان: «سوپاسی یـەك بەیەکی سەرکردەکانی یەکێتی دەکەین بۆ پاڵپشتیان لە خەباتی ڕۆژئـاواو باکوور». ئەمە ئەوکاتە بوو کە مەلا بەختیار لە کۆنگرەی (BDP) وتارێکی بەناوی یەکێتی پێشکەشکردو وتی: «پەکەکە تیرۆریست نییە، ئۆجەلان دەبێت ئازاد بکرێت».
هەردووکیان ئەو ڕۆژە کە سەرقاڵی کارەکانی کۆنگرەی گەل بوون و تاهیری کەمالیزاد کە هاوسەرۆکی (کەنەکە - کۆنگرەی نەتەوەیی کورد) و حاجی ئەحمەدی سەرۆکی (پـژاك - پارتی ژیانی ئازادیی کوردستان لە ڕۆژهـەڵات) و هاوکارەکەم عەدالەت عەبدوڵڵا دانیشتبوون، دەیانوت «هەر چاوەڕوانی ئەوەمان لە یەکێتی دەکرد. چونکە ئەمە سیاسەتی تاڵەبانی-یە، کە هەمیشە بە پشتیوانی خۆمان و خەباتی باکوورمان زانیوە».
لە شەڕەکانی گەریلاو هێزی پێشمەرگەش دژی داعش، پەکەکە کەمترین گلەیی لـە یەکێتی هـەبـوو، بـەڵام ناڕەزایەتییان هەبوو کە میدیاکانی پارتی باسی لە ڕۆڵ و چالاکی و شەهیدەکانی گەریلا ناکەن. هەربۆیە لە سەرەتای شوباتی 2015، مـوراد قەرەیڵان - فەرماندارى هێزەکانی (هەپەگە) ڕایگەیاند: «گەر وا بڕوات هێزەکانیان لە شەڕەکانی دژی داعش دەکشێنەوە».
ئەم پشتیوانییەی یەکێتی بۆ خەباتی باکوور و پەکەکە، پێشتریش هەنگاوی زۆری نابوو. کە گرنگییەکەی لەوەدا بوو داکۆکی لە پەکەکە لەناو دڵی دەوڵەتی تورکیا ڕاگەیاند.

لەناو کۆنگرەی نائاسایی حزبێکی کوردی و ئاپۆرایەکی (1300) کەسیدا، کە ئاتاتورك پێیدەڵێت «تورکی شاخاوی» و دەستورەکەی دەڵێت «لـە تورکیا تەنها گەلی تورك هەیە» و حکومەتە یەك لـەدوای یەکەکانی ئەم وڵاتە، هەمیشە چاوی خۆیان لەئاست داواکاریی و خواست و مافەکانی ئەم گەلە چەوساوەیە دەنوقێنن و خۆیان گێل دەکەن.
نزیکەی یـەك سەدەیە هەوڵی ئەوەیاندا کە هەرچی چۆنێك بێت ئەم گەلە لەناوبەرن، بۆیان نەکرا، ئێستاش مژدەی فریودەرانە فڕێدەدەن، بەڵام لە واقیعدا وانییە.
سەرئەنجام ئـەوەی چـاوەڕوانـدەکـرا روویـــدا، رۆژی 2012/10/14 لە ئەنکەرە کۆنگرەی (BDP) بۆ پڕکردنەوەی شوێنی ئەندامە دەستگیرکراوەکانیان و هەڵسەنگاندنی رێوشوێنی سیاسی و کوردستانی و ناوچەکە سازکرا.
کۆنگرەکە لە هەلومەرجێکدا گرێدرا کە چەند حەوتو لەوەپێش (AKP) کۆنگرەی خۆی ســازدا. کە ئومێدی باشی لی بەدینەهات، جگە لە هەندێك بەڵێنی تری فریودەرانەو لەوەش زیاتر کۆنگرەی (BDP) هاوکات بوو لەگەڵ شەڕێکی سەختی هێزەکانی (HPG) لە تەمموزی 2011 و لە شەمدینان و جولەمێرگ و هـەکـاری، کە بەپێی راپۆرتی (گروپی قەیرانە نێودەوڵەتییەکان) شەڕێکی بی وێنەیە لە ماوەی چواردە ساڵی رابـردوودا و تورکیاش هەست بەو مەترسییە دەکات.

**کۆنگرەی (BDP) لەکاتێکدابوو تا دەهات بارودۆخی سیاسی کورد جگە لە رۆژهەڵات، لە پارچەکانی تر باشترو باشتر دەچووە پێش، باشوور بووەتە (دیفاکتۆ)، لە رۆژئاوا ئاییندەیەکی گەش لەپێشدایەو لە باکووریش بەرەکانی شەڕی شەمدینان، خەریکە وردە وردە ئەنکەرەی هێنایە سەر ئەو باوەڕەی شەڕ ئیتر لەسەر سنور نەماوەو (پەکەکە)ش ئەوە نییە کە ئەنکەرەو جەنەڕاڵ و ژاندرمە دەیانەوێت ئەم بەهارە، ئەم زستانە لەناویان دەبەین. هەربۆیە سەرەڕای هەوڵەکانی پێشتر، ئێستا ئەنکەرە هەوڵدەدات دانیشتنە نهێنییەکانی ئۆسلۆ بژێنێتەوە.**
**بەداخەوە لە رۆژهەڵات بارودۆخی کورد باش نییەو چاوەڕواندەکرێت لە قەیرانەکانی نێوان ئەوروپاو ئێران کورد بتوانێت تولەڕێیەکی باریك بدۆزرێتەوە بۆ هەنگاونان و سەرکەوتن.**
**لەو کۆنگرەیەی (BDP)دا، کە یەکەمجارە کوردی هەرچوار پارچەکە لە باکوور و کۆنگرەی حزبێکی کوردیدا بەشدار دەبن و نوێنەری (ی.ن.ك) بە کوردی و بە کورتی بەوپەڕی لۆژیکی و جورئەتەوە قسەی کردو سڵاوی مام جەلال، رۆحی سەوزی یەکێتی گەیاندە ئەندامانی کۆنگرەو خەڵکی باکوور.**
**بێگومان سڵاوی مام جەلال، سڵاوێکە ماناو مەغزاکانی واتا پشتیوانی لە خەباتی بەرهەق و رەوای خەڵکی کوردستانی باکوور، پێموایە تورکیاش لەمە باش تێدەگات کە پەیامی**

مام جەلال، پەیامێکە وەکو کورد، وەکو سکرتێر، سەرۆك، وەکو کەسێکی دیموکرات و ئازادیخواز.

لە بەشێکی تری قسەکانی مەلا بەختیار نوێنەری یەکێتی لەو کۆنگرەیەدا، بە شیعرێکی دەستکاریکراوی دڵدار، وەڵامی ئەو شیعرە دەداتەوە کە رەجەب تەیب ئەردۆگان ساڵی 2009 لە متینگێکی جەماوەری لە ئامەد بەناوی شیعری خانی خوێندییەوەو داوای هـاوکـاری هەموو لایەکی کـردو ویستی بڵێت «کــوردی خۆشدەوێت و شارەزای ئەدەبی کوردیە...!».

بەداخەوە کە مەبەستی شیعرەکەی خانی هێندەی بۆ کۆکردنەوەی دەنگ و بەلاڕێدابردنی کێشەی کورد بوو. رێزگرتن نەبوو لە شیعری خانی، کە پێچەوانەی ئەم شیعرە ئەوەیە

«کە قەومی کورد زمان هەرماوە، تۆپی زەمان نایشکێنی سەنگەرەکانمان»

ئـەم شیعرە هێندەی ماناو مەغزای سیاسی هەیە بۆ دوژمنانی کـورد، بەتایبەتی ئەنکەرە، هێندە ناکرێت وەکو شیعرو رەمزو سیمبوڵی شیعری سەیری بکەین. واتا ناوهێنانی دڵدارو دوو رەهەندی هەبوو، یەکەم ئەوەی ئێمە خانی بە شاعیری گـەورەی کـورد دەزانـیـن، بەڵام دڵدار بە پێغەمبەری شیعری نەتەوەیی و شیعرەکەشی مانیفێستی مێژوویی کوردایەتییە، دووەمیش مەبەستی ئەوەیە بە درێژایی مێژووی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی یان

سەفەوی دەوڵەتی تورکیای نوی و ئێران، ویستویانە کورد بکوژن، بەڵام کورد زیندووەو ئێستاش دەبینین نەمردوین و سەرکەوتوین واتا سەرنجڕاکێشانی ئەردۆگانە بۆ ئەوەی کە واباشە گەر شیعر دەخوێنێتەوەو حەزی لە شیعری کوردیە فەرموو ئەوە دڵدار بخوێننەوە، چونکە تا دڵدارو شیعرەکەی و مانیفێستی کوردایەتی نەخوێننەوەو نەزانن ممکن نییە بتوانن کورد باش بناسن. مممکن نییە بتوانن دیالۆگ بکەن و مافی کورد دەستەبەر بکەن، بەڵام گەر ئەوانە ناممکن بێت و نەتانەوێت دڵنیابن، ئیتر ئەوەش ناممکنە بە شیعری عاتفی و... فریومان بدەن، ناممکنە کە بتانەوێت بە هەڕەشە و قەتڵوعام کورد لەناوبەرن و بۆشتان ناکرێت و ناچێتەسەر.
ئەوە تورکە کە دەڵێت «کورد مردووەو تورکی شاخاوین»، ئەوە ئەنکەرەیە دەڵێت «سەنگەرەکانی کوردو گەریلا بە چەکی ناتۆ دەشکێنین و بۆیان ناکرێت».
واتا ئەم پەیامە سیاسییە ئەوەیە، گەر تا دوێنی پێتانوابوو، کورد کۆتایهات ئیتر ئەو قسانە بەسەرچوون و ئیرادەو تواناو شۆڕشی خۆمان لە پایتەختی ئێوە. لە کۆنگرەی حزبێکی کـوردی شۆڕشگێڕو نەتەوەیی دەبەسترێت کە قەناعەتی تەواوی بە پرۆسەی دیموکراسی هەیەو بە هەق و ماف و پشتیوانی گەلەکەی نوێنەرەکانی لە پەرلەمانن.
بەشێکی تر لە قسەکانی مەلا بەختیار سەرۆکی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی، وەڵامی ئەو سڵاوە فریودەرانەی

ئەردۆگانە. کە لە کۆنگرەی (AKP) وتی ((سڵاو دەنێرم بۆ سلێمانی، هەولێرو دهۆك)) بەداخەوە کە خەڵکانێکی سادەو بگرە هەندێك لە سیاسییەکانیش چەپڵەیان بۆ ئەم سڵاوە تاکتیکانە لێدا. هەقە بپرسین ئەردۆگان بۆ سڵاوی بۆ شـاری کەرکوکی کوردستانی نـەنـارد...؟ چونکە پێی کوردستانی نییە..!

بەڵام سڵاوی گەرمیانی ئەنفالستان، سلێمانی، هەولێر، دهــۆك، سنە، مهاباد، قامیشلۆ، ئـامـەد، هــەکـاری وە دەرسیم پەیامێکی نێونەتەوەیی کوردانەیە کە ئاماژەن بۆ هەرچوار پارچەی کوردستان.

ئــەم پــەیــام و ســڵاوانــە، سـیـاسـەتـی (ی.ن.ك) ن و دەردەکـەوێـت کە سیاسەتی رۆشنی یەکێتی لە ئاستی نـەتـەوەیـیـدا گوتارێکی نـەتـەوەیـی ئـازادیـخـوازانـەو یەکگرتووانەیەو دووپاتکردنەوەی ئەو گوتارەیە کە ساڵانی هەشتاکان بەرامبەر باکوور، رۆژهەڵات و رۆژئـاوا، حزب تێکۆشەرەکانی پیادە دەکرێت و هیچ هێزێکیش نییە هێندەی یەکێتی لە خەمی هاوخەباتی نێونەتەوەیی کورد دا بێت.

لەگەڵ ئەوەشدا، سڵاوەکانی یەکێتی ناکرێت سڵاو و پەیام و..... گوتارێکی ناسیۆنالیستانە سەیربکرێت، بەڵکو دیوەکەی تری پەیامێکی ئینتەرناسیۆناڵە بەو مانایەی پەیامەکە بۆ ئازادیخوازانی تورکە لە ئەنکەرەو ئەستەنبوڵ و لە هەموو شارەکانی تورکیا. کە لە سەنگەری ئازادیدان

لـەگـەڵ کــورد دا. کـە بێگومان ئــەم پەیامە شمولی ئــەردۆگــان و (AKP) و هەندێك لـە شۆفێنیست و راسیزمەکانی تورك ناکات...! هێشتا رێگا نادەن کورد بە زمانی زگماکی خۆی قسەبکات و پێیانوایە کورد تورکی شاخاوین و ئەندام پەرلەمانەکان لەسەر قسەکردن بە زمانی کوردی دەخەنە زیندان، بەڵام بە هەزاران نووسەر و رۆشنبیرو پەرلەمانتارو خەڵکانی ئازادیخواز ئەم پەیامە دەیانگرێتەوە. کە بەڕاستی لەگەڵ رەنج و ئازارو خەمی گەلی کوردن، وەك (بێشکچی، پاموك، بیراند).

لەوانەش گرنگتر لە پەیامەکەیدا ئەو پەیامە سیاسییەیە کە دەڵێت «لە ناوچەکەدا دیکتاتۆرەکان دەڕوخێن و ئەبی بن بە سیستمی دیموکراسی...».

بێگومان تا رادەیــەك گـەر بۆ رووکەشیش بێت تورکیا بە وڵاتی دیموکراسی نــاسراوە. بێگومان ئەوە بۆ خودی تورکیا باشە، بــەڵام ناکرێت بڵێین لەناو دیموکراسی تورکیادا «کــورد مافەکانی دەستەبەر کــراوە» یان وەکو نووسەرێك دەڵێت «تورکیا دەوڵەتی کــوردی دەوێــت، بەڵام لەسەر مانگ» بەڵام وردە وردە مافی دیموکراسی و مافەکانی کورد خەریکە لە هەرچوار پارچەی کوردستان دەبێتە دیفاکتۆ.

لە بەشێکی تری وتارەکەیدا دەڵێت «ئێستا مێژووی مافی چارەنووسی گەلانە».

سەبارەت بە مێژووی کۆن و نوێی گەلی کوردیش دەڵێت

«فەرموو سەیری میری بۆتان، شێخ عوبێدوڵڵا، قازی محەمەد، شێخ مەحمود بکەن لە رابردوو و ئێستاش سەیری کوردو مام جەلال و بارزانی بکەن».

لەم قسانەدا مەبەستی ئەوەیە، ئەوە مێژووی شۆڕشگێڕی و رابردووی کوردە کە لەسەر دەستی ئێوە، بە تاوانی ئێوە لەناودەبرێن، کەسایەتییەکان و میرو حکومەتەکانمان بە پیلانی ئێوە دەڕووخێنرێن، لەسێدارە دەدرێن و شەهید دەکرێن، خاپوور و وێران دەکرێن، ئێوە بەڵی ئێوە تورك و فارس و عەرەب، بەڵام سەرئەنجام ئازادی هەرێمی کوردستان، سەرۆك کۆماری، سەرۆکی هەرێمی لێدەکەوێتەوە.

قسەکە ئەوەیە کە هەرچەندە پیلانگێڕو دژایەتی بکەن لەگەڵ کورد دا. سەرئەنجام سەردەکەوین. چونکە مافی گەلانی چەوساوە رێگە راست و دروستە، لەگەڵ ئەوەشدا دەمانەوێت هەموو مافەکانی گەلی (50) ملیۆنی کورد لە رێگەی دیموکراسییەوە بە دەستبهێنین و نامانەوێت خوێنی کەس برژێت.

لە بەشێکی تری وتارەکەی مەلا بەختیار سیاسەتی (ی.ن.ك) بەئاشکرا بەیان دەکات و جەخت لەسەر مافی گەلانی دراوسی و کەمینەی چەوساوەو بەشمەینەتی ناوچەکە دەکاتەوە لە بابەتی (چەرکەس، ئەرمەن و بلوچ) لەژێر دەستی و وڵاتانی عەرەب، تورك و فارس، ئەمەش هاوخەباتی و خەباتی ئینتەرناسیۆنالە کە لە

گەلێکی چەوساوەی وەکو کورد کە بی کیانە لەناو وڵاتێك کە مافی کەمینەی وەکـو ئەرمەن ناسەلمێنن و ئێران و عەرەب دژی بلوچ و چەرکەسن. پشتگیریان لی بکرێت، رەخنەی ئەوەشی لە تورکیا دەگرێت، کە تورکیا بۆچی نەیهێشت پەیمانی سیڤەر سەربگرێت و گۆڕی بۆ لۆزان؟
دەڵێت: «لە (AKP) و (CHP) و پەرلەمان دەپرسم بۆ رێگاتان گرت؟» بۆیە لە وەڵامدا دەڵێت: «ئیتر ئەو زەمانە کۆتاییدێت، ئیتر نە دەتوانن لـۆزان و سایکس بیکۆ، نە شتی ترمان بەسەردا فەرزبکەن، چونکە خۆمان کەوتوینە سەر رێگەی و دیموکراسی و مافەکانمان».
لە بەشێکی تـری قسەکانیدا کە زۆر گرنگە رەخنە لە سیاسەتی ئەمەریکا، ئەوروپا، ناتۆ، تورکیاو ئێران دەگرت و بەڕاشکاوی و بەوپەڕی هەستی کوردانەو سیاسیانە دەڵێت «وازبهێنن لـەو قسانەی فـڵان کـەس و لایەن تیرۆریستە، (پەکەکە) و کۆمەڵە، دیموکرات تیرۆریستن» و دەڵێت: «ئەم قسانە باوی نەماوە».
لەم قسانەدا تەنها مەبەستی تورکیا نییە، کە (پەکەکە) بە تیرۆریست دەناسێت، بەڵکو وردتر لەگەڵ ئێرانیشیەتی، پشتگیریشە لە برا کوردەکانمان لە کوردستانی خۆرهەڵات، پشتگیری لە دوو هێزی کاریگەرو شۆڕشگێڕی خۆرهەڵات (کۆمەڵەو دیموکرات).
پشتگیریە لە شۆڕشی خەڵکی باکوور و (پەکەکە)، ئەمە لەکاتێکدایە کە تورکیا لە ئەنکەرەو بە بڕیارو بە پشتیوانی

ئەمەریکاو ئەوروپا (پەکەکە) بەڕەسمی بە تیرۆریست دەناسێت، بەڵام (ی.ن.ك) لە پایتەختی ئەنکەرەو دڵی تورکیاو لەناو کۆنگرەی حزبی کـوردی (BDP) و لە بەردەم نوێنەری هەرچوار پارچەی کوردستان و باڵوێزو سەفیرو نوێنەرانی کۆنگرە لەناو وڵاتـی ئـەردۆگـان و بەئاشکرا بۆ ئەمەریکاو ئـەوروپـا دەڵـێـت: «ئــەوان تیرۆریست نین و ئێوەو ئـەوانـەش کە لیستەکەتان دروستکردووە هەڵەن».
نموونە دەهێنێتەوە کە پێشتر دەوترا (ماندێلا، عەرەفات، بارزانی، تاڵەبانی، هۆشی منەو کاسترۆ) تیرۆریستن، بەڵام هەموو بۆچونەکانتان مێژوو بەدرۆدەخاتەوە کە هیچ راستی تێدا نییە. بەڵگەش ئەوانەی ئێوە ناوتان نـان تیرۆریست، بـوون بە سـەرۆك و گـەورەبـوون و گەورە دەبن.
بۆیە ئامۆژگاری تورکیا، ئێران، ئەمەریکاو ئەوروپاش دەکات کە دەست لەم تۆمەتانە بەرامبەر کورد هەڵبگرن و کێشەی کورد چارەسەربکەن.
ئەم پەیامە زۆر گرنگە کە هەستی نەتەوەیی و پشتیوانی (ی.ن.ك) دەربڕێت بۆ خەباتی هەرسی پارچەکەی تری کوردستان و ئازادیخوازان. ئەمەش لەمکاتەدا گرنگە. کە کورد لە هەرکوێ بێت پشتگیری لە برا کوردەکان دەکـات، گەر لەناو دڵی تورکیاش بێ جا قبوڵی بکات یان دژی بێ.

له بەشێکی تـری پەیامەکەدا، (AKP) بە میراتگری حکومەتەکانی پێشوو دادەنێت، کە مافی کوردی باکوور پێشێل دەکەن.
لە دواییشدا دەڵێت: «دەبـێ ئۆجەلان ئـازاد بکرێت»، ئەمە یەکەم پەیامی حزبێکی کوردییە لەناو تورکیاوە بدرێتە سەرانی حکومەت و (AKP) کە دەبێت ئۆجەلان ئازاد بکرێت.
رەخنە لە سیاسەتی زیندانی تورك و زیندانیان دەگرێت و دەڵێت: «هەمیشە رابـەران لە زیندان گـەورە دەبن، حکومەتەکان بچووك دەبنەوە».
بێگومان ئەم قسانە دەتوانێت هەم پشتیوانی بێت بۆ ئۆجەلان و هەم واقیعی بێت. دیقەت بدەن دەیان ساڵ زیندانی ماندێلا لەلایەن سیستمی ئاپارتاید کـردی بە پاڵەوان، ئان سان سوکی  ژنە تێکۆشەری بۆرما لەژێر دەستی دەسەڵاتی سەربازی بووەتە پاڵەوان، بێگومان ئۆجەلانیش لەوان کەمتر نییەو نابێت و دەبێتە پاڵەوانی مێژووی خۆی بۆ کورد.
بۆیە وتی «دەبێ ئۆجەلان ئازادبێت».
دەبێت بوترێت، کە شانازییە (ی.ن.ك) بـەشـداری لە کۆنگرەی حزبێکی کوردی لە باکوور دەکات.
لە ناوجەرگەی دەسەڵاتی تورکیا، هەموو بۆچوونێکی نەتەوەیی و دیموکراسیانەی خـۆی دەڵێت هیوادارم (ی.ن.ك) لـەمـەودوا لە کۆنگرەی هەموو حزبەکانی

تری رۆژهــەڵات و رۆژئــاوا بەشداری بکات، ئەم گوتارە نەتەوەییانە تۆخبکاتەوەو داکۆکی بکات لە مـاف و داخوازییەکانی کوردەکانی پارچەکانی تر.
ئەم وتارەو ئەم بەشدارییە دەریدەخات سیاسەتی (ی.ن.ك) سیاسەتێکی لۆژیکی و نەتەوەییەو لەپێش بەرژەوەندییە حزبی و سیاسی و ئابوری و ئیمتیازەکانەوەیە لەگەڵ تورکیا یان ئێران، سوریاو عـێـراق... کە سێ ناسنامەی حزبی نەتەوەیی و دیموکراتی و کوردستانییە.
مێژووش لەکاتی خۆیدا وەکو سـەروەری و ئازایەتی و قوربانی و گەورەیی تۆماری دەکات.

دەبێت بڵێم گەر باس لە پەیوەندی پەکەکەو هێزەکانی تری باشووری کوردستان بکەم، رەنگە بەتەنها قسەیەکی بایك بەس بێت.
لەبارەی بزووتنەوەی گۆڕانیش، جەمیل بایك بە خۆمی وت: «گــۆڕان زۆر بـێ هەڵوێست و بـێ رەنـگـە لەو رووداوانە».

**دووەم: ڕۆژهەڵات**

**« پەکەکە شەڕی سێ پارچەی باکوور، ڕۆژئـاواو باشوور دەکـات دژی تورکیاو داعـش، با کۆمەڵەو دیموکراتیش شەڕی ڕۆژهەڵات بکەن».**
**ئەندامێکی کۆنسەی سەرۆکایەتی کەچەکە**

بـەدوای دروستبوونی (پـژاك - پارتی ژیانی ئازادی کوردستان) لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، گرژی و ئاڵۆزی نێوان پەکەکەو هێزە شۆڕشگێڕەکانی ڕۆژهـەڵات (کۆمەڵەکان) و (دیموکراتەکان) خراپتر بوو.
هەرچەندە پێشتریش ئەو پەیوەندییانە زۆر باش نەبوو و پەکەکە بەوە تۆمەتبار دەکـرا، کە دۆستی ئێرانەو دەسـت وەردەداتـە کـاروبـاری ڕۆژهـەڵاتـەوە، بەڵام دروستبوونی (پژاك) و دواتریش (کۆدار - کۆمەڵگای دیموکراتی ئازادی ڕۆژهەڵات) قەیرانەکانی نێوان ئەم هێزانەو پەکەکەی تەواو خراپ کرد.
بێگومان پەکەکە، لە ڕێگەی پژاك، چەند عەمەلیاتێکی چەکداری دژی ئێران و کاری ڕێکخستنی لە ناوچە دوورەکانی پێگەو نفوزی باشی پەیدا کرد. ئەمەش نیگەرانی لای هێزەکانی تر دروستکرد.
مستەفا هیجری سکرتێری گشتی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لـەوبـارەیـەوە وتـی: «شتێك نییە

بەناوی پــژاك، جگە لە پەکەکەو دەســتــوەردان لە کاروباری ڕۆژهەڵات».
پەیوەندییەکانی پەکەکە لەگەڵ هێزەکانی ڕۆژهــەڵات، جیاوازە، بۆ نموونە (کۆمەڵە)، حزبی کۆمۆنیستی ئێران، ڕێکخراوی کوردستان، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان و بگرە سازمانی خەبات و پارتی ئازادیش. کێشەکانیان کەمترە لەگەڵ پەکەکە. هەرچەندە ڕەخنە لە زۆر سیاسەتی ئەم حزبە دەگـرن و پێیانوایە، ئـەوەی پەکەکە بەدوایدا دەگەڕێت. خوێندنەوەیەکی دروست نییەو هەرگیز پژاك ناتوانێت ببێتە ئەڵتەرناتیڤی کۆمەڵەو دیموکرات.
بەڵام نەفی، وجودو ڕۆڵی پژاکیش ناکەن کە هەیە.
هەرچی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئـێـران، کە عەبدوڵڵای موهتەدی سکرتێریەتی، خودی موهتەدی دەڵێت: «ئێمە ڕازی نابین و قایل نین پەکەکە کوێخامان بۆ داتاشێت و کاری پەکەکەو شوێنی خەباتی لە کوردستانی باکوورە، شوێنی خەباتی لە ئامەدە نەك سنەو مهاباد».
موهتەدی پێیوایە، «پەکەکە دەیەوێت لە هەموو پارچەکان کۆپی خۆی هەبێت و ئەمەش خوێندنەوەیەکی دروست نییە»، هەربۆیە لە دیدارێکدا لە بارەگای (کەنەکە) لە برۆکسل، ڕەمـزی کارتاڵ زۆر ڕەخنەی لە سیاسەتەکانی هیجری و موهتەدی هەبوو، کە توندن بەرامبەر پەکەکەو پژاك.

حزبی دیموکراتی کوردستانیش، کە باڵێکی تری حزبی دیموکراتەو خالید عەزیزی سکرتێریەتی و حزبێکی شۆڕشگێڕی رۆژهەڵاتەو حزبەکەی خاوەنی کۆماری مهابادەو ئێستا بارەگاکانیان لە کۆیەی کوردستانی عێراقەو حزبەکەی کە بە حزبی (قــازی، قاسملۆ، شەرەفکەندی) ناسراوە.

بۆچوونەکانی لەنێوان ئەو لایەنانەدایە، واتا نە زۆر نــەرم و نە زۆر تــونــدە. بــەڵام رەخـنــەی جـددی لە یەکەکە هەیە.

بــەڵام حاجی ئەحمەدی هاوسەرۆکی پــژاك جارێك بە خۆمی وت: «کۆمەڵەو دیموکرات، تەواوبوون و خەبات ناکەن، بۆ خۆیان لە کۆیەو زرگوێز دانیشتوون و خەریکی سەیران و حەوانەوەن و پارە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەردەگرن».

حاجی ئەحمەدی کە زۆر بەتوندی قسەی دەرکــرد، وتــی: «من ئــاوی کۆیەو زرگوێزێ ناخۆمەوەو ئاوی قەندیل دەخـۆمـەوەو خەباتی ئۆردوگاکانیش قبوڵ نــاکــەم، هەرچی یەکێتی و پارتی پێم بڵێن ئەوە ناکەم».

حاجی ئەحمەدی کە خۆیشی خەڵکی مهابادەو پێشتر لە سەرکردایەتی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا بووە، ئێستا بە ئۆجەلان دەڵێت: «ئاپۆ و هەر ئەویش بە رێبەری کورد دەزانێت».

لە وەڵامـی پرسیارێکی مندا، کە کۆمەڵەو دیموکرات، خـۆی و حزبەکەی بـە رەسـمـی ناناسن، ئەحمەدی بەتوڕەییەوە وتی: «من گوێ بەو قسانە نادەم، کەسیش ناتوانێت رێگری لە کارو خەباتی پژاك بکات. داهاتووش نیشانی دەدات، کە کێ خاوەنی رۆژهەڵاتە، ئێمە یان کۆمەڵەو دیموکرات».

حاجی ئەحمەدی: کە زوبێر ئایدارو رەمـزی کارتاڵ لە برۆکسل، گلەیی ئەوەیان لێی هەبوو، کە زۆر دەچێتە دەرو دەگـەڕێـت و دیسپلینی حزبی وەك پێویست جێبەجێ ناکات.

وتی: «گەر هەڵبژاردنێك لە رۆژهـەڵات بکرێت، ئێمە، حزبی ئێمە، یەکەم دەبین».

ئەم ململانێیانە تائێستاش بەردەوامەو کاتێك لە کۆتایی (2013) کارەکانی کۆنگرەی نەتەوەیی هاتەپێشەوە، قەیرانەکانی نێوان پەکەکەو پـژاك و کۆمەڵەکان و دیموکراتەکان دەرکـەوت، تەنانەت گلەیی و گازندەی هەموویان گەیشتە میدیاکانیش.

کاتێك سەرۆکایەتی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان لە هەولێر بڕیاریدا کە (5) کورسی بۆ رۆژهەڵات دانراوە.. هێزە یەکەمەکانی رۆژهەڵات، زوو هەستیان بە مەترسی کردو بڕیارياندا، ناکۆکییە زۆرەکانیان بخەنە لاوەو لەم کۆنگرەیەدا. یەکهەڵوێست بن، چونکە هەم فشاریان لەسەر بوو، هەم هەستیان بە مەترسی پەکەکەش دەکرد.

بۆیە سکرتێری یەکەمی هەرپێنج حزبەکە لە بارەگای سکرتاریەتی حزبی دیموکرات لە کۆیە کۆبوونەوە کە پێکهاتبوو لە (مستەفا هیجری - سکرتێری گشتی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، عەبدوڵڵای موهتەدی - سکرتێری کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان، عومەری ئێلخانیزادە - سکرتێری کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، ئیبراهیمی عەلیزادە - سکرتێری ڕێکخراوی کوردستان _ حزبی کۆمۆنیستی ئێران - کۆمەڵە، خالید عەزیزی - سکرتێری گشتی حزبی دیموکراتی کوردستان).

ئەو کۆبوونەوەیە، کە یەکەم کۆبوونەوە بوو دوای زیاتر لە بیست ساڵ، بۆ یەکەمجار سکرتێری هەر پێنج حزبەکەی ڕۆژهەڵاتی کۆکردەوە. ڕێککەوتن کە یەکهەڵوێست و یەکگوتار بن، بڕیاریاندا لەو هەڵبژاردنەی کە لەنێوان ئەم پێنج هێزەو پژاك، خەبات، پاك و پارتی سەربەخۆیی دەکرێت. هەرپێنجیان دەنگ بە یەك بدەن، تا پژاك کورسی وەرنەگرێت.

پاش ئەنجامەکان، پژاك ئەوەی بە فێڵ ناوبردو بە ئەنجامەکان رازی نەبوو، بەڵام دواتر لەژێر فشاری یەکەکەدا (کۆنگرە) یەك کورسی تری دا بە پژاك لە ڕۆژهەڵات.

حاجی ئەحمەدی سەرۆکی پژاك، وتی: «ئەو هێزانە بە ئاشکرا دوژمنایەتی پژاك دەکەن» و وتی: «کۆنگرەی نەتەوەیی دەبێت هی هەموو لایەك بێت».

سەبارەت بەوەی فێڵ لە پژاك و خەبات و پاك کراوە، عەلیزادە وتی: «دەنگدان کراوە، هەموو لایەکیش رازی بـوون. بەڵام کە ئەنجامەکەی بە دڵی هەندێك لایەن نییە، نابێت رەخنەی بکەن».

(کۆدار) کەساڵی (2014) لەلایەن پەکەکەوە بۆ رۆژهەڵات دروسـتـکـراوەو سـەر بە (کەجەکە)یەو هاوسەرۆکی هەیە بەناوی (رێزان جاوید و زیلان تانیا). وەکو باڵی سیاسی رۆژهەڵات دەناسرێت و هەردوو هێزی پژاك و کۆدار باڵی سەربازیان هەیە کە پێیدەوترێت (HRK - هێزەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان). و (هەپەژە -HPJ- هێزەکانی پاراستنی ژنانی رۆژهەڵات).

ئەوکاتەش بۆ دیدارێك چوومە قەندیل بۆ لای جەمیل بایك، پرسیاری ئـەوەم لێکرد کە نزیکەی سێ ساڵە شەڕی چەکداریتان دژی ئێران راگرتووە، وتی: «نەخێر شەڕ نەوەستاوە، خەباتی بەرگری دەکەین». سەبارەت بەوەی کە هێزەکانی رۆژهەڵات پێیانوایە، پەکەکەو ئێران رێککەوتون بۆیە شەڕ لەئارادا نییە، بایك وتـی: «جا پەکەکە شەڕی سێ پارچەی باکوور، رۆژئـاواو باشوور دەکات دژی تورکیاو داعش، با کۆمەڵەو دیموکراتیش شەڕی رۆژهەڵات بکەن».

ئەگەرچی پەیوەندییەکانی پەکەکەو هێزەکانی رۆژهەڵات زۆربـاش نییە، بـەڵام هەنگاوی نـاوە. سەردانەکانی هیجری و ئێلخانیزادە بۆ قەندیل و سەردانەکانی وەفدی

**کەجەکە، هەدەپە، کۆنگرەی گەل، کەنەکە و پژاك بۆ کۆیەو زڕگوێز، دەروازەیەکی نوێیە لە پەیوەندی باشی نێوانیان، بەڵام زۆر ئومێدبەخش نییە.**

**سێیەم: خۆرئاوا**

**ئـەم دوو هێزە سەربازییەی پـەیـەدە، لە شەڕەکانی کۆبانێ و دژی داعـش، رۆڵێکی یەکجار گەورەیان گێڕا، کە لەسەرو چاوەڕوانی بوو، بۆیە بـەدوای ئەم شەڕانە، پەکەکەش گرنگی زیاتری خستە سـەر ئـەم پارچەیەو حزبەکەی و تەنانەت ویستی لە رێگەی پەیەدەوە زیاتر رۆبچێتە ناو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە.**

مـێـژووی دروستبوونی پەکەکە، مـێـژووی ڕۆیشتنی ئۆجەلانە بۆ سوریاو لوبنان. هەر ئەوکاتەی لە تورکیا دەرکــەوت، ڕوویـکـردە سوریا، پەکەکە پێگەو نفوزی گــەورەی لەناو کوردەکانی سوریا پەیدا کـرد. چونکە ئۆجەلان خۆی یان لە سوریا یان لە بیقاع لە لوبنان دادەنیشت تا ساڵی 1998 لەژێر فشاری ئەنکەرە. سوریا داوای ڕۆیشتنی لێدەکات و دواتـر لە ساڵی 1999 لە کینیا دەستگیری دەکەن.

بۆیە پەکەکە، نفوزێکی زۆری لەناو کوردەکانی سوریا کـرد کە تا ساڵی دوو هــەزارەکـان، پەکەکە بەخاتری سوریا بە باشووری بچوکی ناودەبرد نەك کوردستانی ڕۆژئاوا.

بــەڵام بــەدوای ڕووداوەکــانــی بــەهــاری عــەرەبـی و قەیرانەکانی سوریاو دابەزینی گەریلاکان لە شاخەوە بۆ ناو شارەکان، خەونی لەمێژینەی پەکەکە بەدیهات و توانی بەتەواوی کۆنترۆڵی ڕۆژئاوای کوردستان بکات

و هــەرزوو کە سوپای سوریا کشایەوە، دامـودەزگـای ڕەسمی دروستکردو پاشانیش کانتۆنەکانی کۆبانێ، عەفرین لە بـاکـووری خـۆرئـاواو جەزیرە لە باکووری سوریا دروستکردو ئـەو حزبانەی کە لە پەکەکەوە نزیك بـوون لەگەڵ عەرەبەکانی ناوچەکە، ئاشوری و مەسیحییەکان بەشداری حکومەت و کانتۆنەکانیان کـرد. لەپاڵ بەشداری هەندێك لە حزبە دۆستەکانی (ی.ن.ك)، بەڵام حزب و دۆستەکانی (پ.د.ك) تا ئەم ساتەش و دواى ڕێککەوتننامەی هەولێرو دهۆکیش. ڕێکنەکەوتبوون، ئامادە نەبوون دەسـەڵاتـی ڕەهـای (پـەیـەدە) قبوڵ بکەن و داوای ئاسایشی هاوبەش، پۆست و دەسەڵاتی هاوبەشیان دەکــرد. هەرچەندە پارتی لە ساڵی 2014 دا زۆرینەی حزبە دۆستەکانی لەناو ئەنجومەنی نیشتمانی کوردی سوریا (ئەنەکەسە) کۆکردەوە، لەکاتێکدا ئەنجومەنی گەلی خۆرئاواش هەیە کە پەکەکە یان پەیەدەو چەندین حزبی تریش هەن لەدەوری هەردووکیان. جەمیل بایك لەوبارەیەوە وتی: «هەر کەس و لایەنێك پابەندی یاساکانی کانتۆنەکان نەبێت، مۆڵەتی پێنادرێت».
پەیەدە، کە دروستکراوی پەکەکەیەو سەر بە (کەجەکە) یەو پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە کۆنسەی سەرۆکایەتی و هاوسەرۆکانی کەجەکەوە هەیە، ساڵح موسلیم و ئاسیا عەبدوڵڵا هاوسەرۆکین و بە دوو باسکی بەهێزی

چەکداری هەپەگە نـاسراون، (یەپەگە - یەکینەکانی پاراستنی گەل) و (یەپەژە - یەکینەکانی پاراستنی ژنان) ئەوانیش یەکێکن لە هێزی ئەساسییەکانی باڵی سەربازی و پابەندن بە پەکەکەوەو راستەوخۆ لە (کەجەکە) فەرمان وەردەگرن.
بەپێی هەیکەلەی رێکخراوەیی ئەم حزبە، (کەجەکە) کە پێکهاتووە لە هاوسەرۆکان (جەمیل بایك «جومعە» و بەسێ هۆزات) کۆنسەیەکی سەرۆکایەتیش هەیە لەدوای ئۆجەلان لە هەرەمی دەسەڵاتدایەو دوایی بە شێوەی ئاسۆیی (کەجەکە... پەکەکە... هەپەگە... یەپەگە... هەرەکە.. هەپەژە) درێژدەبێتەوە.
ئـەم دوو هێزە سەربازییەی پـەیـەدە، لە شەڕەکانی کۆبانێ و دژی داعش، رۆڵێکی یەکجار گەورەیان گێڕا، کە لەسەرو چاوەڕوانی بوو، بۆیە بەدوای ئەم شەڕانە، پەکەکەش گرنگی زیاتری خستە سەر ئەم پارچەیەو حزبەکەی و تەنانەت ویستی لە رێگەی پەیەدەوە زیاتر رۆبچێتە ناو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە. بـەوەی کە دەبێت پەکەکە بە پەیەدە بناسنەوە. کە دروستکراوی ئەوەو دەکرێت رۆڵی گەورەی هەبێت لە شەڕی تیرۆر.
بێگومان ئێرانیش لە شەڕەکانی کۆبانێ رۆڵی هەبووە، بەوپێیەی پەیەدە لە رۆژئاوا لە چوارچێوەی بەرژەوەندییە جەمسەرگیرییەکانی ئێراندا دەخولێتەوە.

چونکە لەلایەك دژی هەیمەنەی تورکیایە لە سوریاو لەهەمانکاتدا ئاگربەستێکی نیوەناچڵیش هەیە لەنێوان پەیەدەو سوریا.
هەربۆیە حەسەن نەسروڵڵا ئەمینداری حزبوڵڵای لوبنان لەجیاتی ئێران لە شوباتی 2004 وتـی: گەر گەریلاو پێشمەرگەو حشدی شەعب نەبووایە، رێگری لە داعش نەدەکرا.
سەبارەت بە رۆژئاواش، کۆی گشتی هێزە کوردستانییەکان دابەشبوون بەسەر دوو هەڵوێست و دوو بۆچوونی جیاواز، (ی.ن.ك) پشتیوانی لە پەیەدەو خەباتی پەکەکە دەکـات، بـەڵام (پ.د.ك) دژی هەیمەنەی پەکەکەو پەیەدەیە لە رۆژئاوا.
حزبی دیموکراتی ئێران پشتیوانی لە خەباتی جەماوەری رۆژئـاوا دەکـات و پەیەدە بە تاکڕەو ناودەبات، بەڵام پـژاك تەنها پەکەکەو پـەیـەدە بە نوێنەری رەسمی رۆژئاوا. خەڵك دەزانێت.
بەڵام لەگەڵ ئەو جیاوازییانەش، چوونی هێزی پێشمەرگە بۆ کۆبانێ، تا رادەیـەك ململانێکانی پارتی و پەکەکەی کاڵکردەوە، بـەڵام هێشتا کۆتایی نەهاتووە، چونکە پەکەکە پێیوایە پارتی زۆر رۆڵێکی خراپی گێڕاوە لە رۆژئـاوا، بەوەی کە سنورەکانی داخستووەو خەندەقی بە دژ لێداون و لە رێگەی حزبەکانی دۆستییەوە، کێشەو گرفتی بۆ دروستکردوون. میدیاکانی پارتی، پەکەکەو

**پەیەدەیان بە نۆکەری بەشار ئەسەد تۆمەتبار کردووەو هەوڵیانداوە وێنەیەکی ناشرین بدەنە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی سەبارەت بە پەکەکەو پەیەدە.**
**بۆیە بـەدوای پەلامارەکانی داعـش بۆ سەر باشوور و هاتنی گەریلاکانی پەکەکە بۆ شەنگال و مەخمور. وەکو تۆڵەی پەکەکە لە پارتی سەیردەکرێت. بەتایبەتی کە باسیان لە کانتۆنی شەنگال کرد.**

## چوارەم: باکوور

**«با دەوڵەت کێشەی کورد چارەسەر بکات، ئنجا رەوشی من چاکبکات».**

**ئۆجالان**

کوردەکانی تورکیا کە ژمارەیان نزیکەی (20) ملیۆنەو لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی تورکیادان و خۆیان پێیان خۆشە بڵێن (باکووری کوردستان).

بـڕوایـان وایـە کە بـەهـاری کــوردی، لە تورکیا ئەمساڵ رەنگە لە دیاربەکرەوە دەستپێبکات، چونکە کاتی ئەوە هاتووە ئەو بێدەنگییە ژاناوییە بشکێنن، کە چەند بە ئازارە بۆیان.

یەکێك لە بەرپرسەکانی (BDP) لە شێرناخ وتی: «ئازاری ژانــاوی مانای چییە؟» ستەم و چەوسانەوە چۆنە؟ بێ مافی و سەرکوت واتـای چی؟ شکاندنی نەفس و... چی دەگەیەنێت؟».

ئەو دەڵێت: «13000 چالاکوان و ئەندامی پارتەکەمان و خەڵکانی کورد لە زیندانن، (94) رۆژنامەنووسی کورد بەتۆمەتی بانگەشە بۆ (پەکەکە) لە زیندانن، (17) سەرۆکی شارەوانی کە بە هەڵبژاردن هاتوون خراونەتە زیندان، تەنها داکۆکیان لە مافی هاووڵاتیانی کوردو شارەکانیان

کـردووه، (6) پەرلەمانتاری (BDP) لە زیندانن گوایە بە کـوردی قسەیان کـردووەو بانگەشەیان بۆ جیابوونەوەو دۆستایەتی (پەکەکە) کردووە...».

بەرپرسەکەی (BDP) دەڵێت: «تورکیاو حکومەتەکەی ئەردۆغان لە دەرەوەی سنورەکان باسی ماف و ئازادی و دیموکراسی دەکەن، بەڵام لە ناوەوە زیندانێکی گەورەیان بۆ گەلانی تورکیاو بەتایبەتی گەلی کورد دروستکردووە».

هەرکەسێك بچێتە باکووری کوردستان یان تورکیا، بێ سێ و دوو گوێی لەم حیکایەتە واقیعیانە دەبێت، یان دەتوانێت بەئاسانی هەستی پێبکات.

هەر هاووڵاتیەك لە دەرەوە بۆچوون و تێڕوانینێکی باش و پۆزەتیڤی هەیە بەرامبەر ئەنکەرە، کە لەو وڵاتـەدا دیموکراسی هەیە، یان ئەو بانگەشەیەی تورکیا بەردەوام دەیکات کە لەپاڵ ئیسرائیل دووەم وڵاتـی دیموکراسی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و ناوچەکەیە، کاریگەرییەکی لە زهن و بیری هاووڵاتی دەرەوەی ئەم سنورە جوگرافییە دروســت کـــردووە، کە تا ئەوکاتەی دەچێتە نـاو ئەو وڵاتــەوە، رەنگە بـاوەڕ بەو بانگەشەو بۆچوونانە بکات، بــەڵام تەنها یــەك رۆژ بەسە بۆ ژیانکردن لە ئامەد، جەزیرە، شێرناخ و وان...

تا باش تێبگەیت کە ئەگەر ئازادییەك و دیموکراسییەك هەیە، تەنها بۆ نەتەوەی حاکم و سەردەست و هێزە سیاسییە زۆرینەی تورکەکانە.

ئەگەر باس لە ئـازادی سیاسی، راگەیاندن، کلتووری و کۆمەڵایەتی و چاندو هونەر، ئەوە تا ئەو شوێنەیە کە مانیفێستی ئاتاتورك و ئەتاتورکیزم نابەزێنێ، تا ئەو شوێنەیە بۆ ئەو کەس و هاووڵاتیانەی کە دەڵێن: «ئێمە تورکین، کەواتە بەختەوەرین».

نەك بۆ کەس و هاووڵاتیەك کە دەڵێت: «من تورك نیم، من کوردم».

دەڵێت: «من ناخوازم بە تورکی بخوێنم و بنووسم و بخوێنمەوە».

دەوڵەتی تورکیا تا ئەم ساتەش نایەوێت راستگۆیانە لەگەڵ خۆی نە دیالۆگ نە مەنەلۆگێکی ئینسانی و ویژدانی بکات و باوەڕ بکات کە نزیکەی (20) ملیۆن کورد لەو وڵاتەدا بە زەبری زۆرەملێ و زۆردارانــەو هەلومەرجێکی مێژوویی بە بیانووی جۆراوجۆر دەچەوسێندرێنەوە.

نایەوێت قەناعەت بـەوە بکات، کە ئەم ئینسانانە لە (84) ساڵی رابــردووی مێژووی نوێی تورکیاو مێژووی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بێبەشن لە قسەکردن بە زمانی دایکی خۆیان و لە گۆرانی وتن و نووسین و خوێندنەوە، پێشتر ئەم گەلە وەکو کۆیلە سەیردەکران، بەڵام هێشتا وەك دەستبەسەرکراو سەیردەکرێن.

هاووڵاتیەکی کوردی باکوور دەڵێت: «لەبیرم دێت جارێك کە لە قوتابخانەی سەرەتایی بووم لەگەڵ کچە مامەکەم لەناو پۆل بە کوردی قسەم کرد، کاتێك مامۆستاکە زانی

ئێمە بە کوردی قسە دەکەین، بە دار هێندەی لە دەستم دا تائێستاش ئـازاری ئەو لێدانە مـاوەو پەنجەیەکیشم لەوکاتەوە سەقەت بـووە...»، ئەو وتـی: «ئـەو هەموو لێدان و سوکایەتییە تەنها لەبەرئەوەی بە کوردی قسەم کردووە».

کامەیە دیموکراسی؟

یان ئێمە بە هەڵە لە دیموکراسی تێگەیشتووین، یان هەر دیموکراسی تورکی ئەمەیەو شتێکی تر نییە.

گـەر ئینسان لەسەر قسەکردن بە زمانی دایکی ئاوا سوکایەتی پێبکرێت، ئەی دەبێت کاتێك کۆی حکومەت و سیستم و دەسەڵاتەکەی قبوڵ نەبێت چی لێبکرێت، دیارە کە دەنێردرێت بۆ جەهەننەم.

هـەڵدانـەوەی کوشتارگەری ئەمدواییەی دەرسـیـم، لە ساڵانی رابـردوو و کوشتارگەری رۆبۆسکێ لە شێرناخ، کۆمەڵکوژییەکانی ئەرگەنەکۆن و میت و دەوڵـەت لە باکوور، جەهەننەمێکن بۆ کوردەکان، لە رووخساریاندا دیارن.

با باسی کارەساتی رۆبۆسکێ بکەین، رۆبۆسکێ گوندێکە (60) کم لە شێرناخ لە سنوری تورکیاو هەرێمی کوردستانی باشوور، لە قەدپاڵی شاخێکدا قەراری گرتووەو سەرتاپای بەفر داپۆشیوە.

خەڵکەکەی خەریکی کاری نێوان دوو سنورو قاچاخچێتی و کشاوەرزین، (36) گەنج کە تەمەنیان لە (12-24)

ساڵان بوو خەریکی کاری خۆیان بوون و ئەو تولە ڕێیانەی ئەو گەنجانە هاتوچۆیان پێدا دەکرد ڕێگای قاچاخچێتی بەردەوامی ڕۆژانەی چەند ساڵەیان بوو، کە بە بەردەوام قەرەقولەکان و بە ئیزنی ئەوان کاریان دەکرد.

بـەڵام ئەمجارەیان کە دوایین جار بوو ڕێگایان پێدان، دوایین سەفەری سنور بکەن، یەك یەك کۆیانکردنەوە لە شوێنێك دواتر فڕۆکەیەکی جەنگی هەموویانی کردە قوربانی موشەکێکی پیلان بۆ چنراو و هەر (36)یـان بۆ هەمیشە لەناو ئەو بەفرە سپییە خەڵتانی خوێن بوون.

دایکێك وتی: «من چوار کوڕم بە یەك جار لەو کارەساتەدا شەهید بــوون»، ئـەو کە بە قوڵپ دەگـریـاو فرمێسك لەچاوی دەهاتە خـوارەوە دەیـوت: «پەنا بۆ کێ بەرم، تۆڵەی چوار کوڕمی لێ بستێنم»، دەیـوت: «ئەردۆغانی زاڵــم، بـەنـاوی ئیسلام و دیـنـەوە ئـەو قەسابخانەیەی خوڵقاندووە».

کچێکی گەنج لەسەر گۆڕی دەستگیرانەکەی دانیشتبوو لەناو بەفری ئـەو کوێستانەدا دەیـوت: «ئەمە وێنەی دەستگیرانەکەمە، بەناهەق شەهیدکرا».

کوردەکانی تورکیا، هێندە نیگەرانن لە ڕەوشــی سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆیان، تەنها دوو شتیان بۆ ماوەتەوە بەرگری مەدەنی بەدانی باجێکی زۆرو خەباتی شاخ بەو هەموو فشارو دەردەسەرییەوە.

ئەوان نایشارنەوە بە هەموو شێوەیەك پشتیوانی پارتی کرێکارانی کوردستان دەکــەن، چونکە (BDP) وەکو نوێمەری خەڵکی کوردستانی تورکیا بە (36) کورسییەوە لە پەرلەمانی تورکیا رۆژانــە ئەنـدام و لایەنگران و تەنانەت ئەندام پەرلەمانەکانیشیان توشی گرتن و زیندان و سوکایەتی دەبنەوە، بەڵام خۆڕاگرانە وەستاون بەرامبەر ئەو زوڵم و ستەمەی (AKP) و ئەردۆغان.
بەڵام ئایا گەر تورکیا لەگەڵ (پەکەکە) دابنیشێت وەکو نوێنەری کورد، ئەی بۆچی ئامادە نییە گوێ لە داواکانی (BDP) بگرێت وەکو نوێنەری هەڵبژێردراوی خەڵك.
کاریگەرترین بەشی کوردستان بۆ پەکەکە، باکوورە. چونکە زۆرترین کاریگەری و نفوزی لەناو ئەم پارچەیەی کوردستانە، ســەرەڕای ئـەوەی کە پەکەکە لەم پارچەیە لەدایکبووەو ئۆجەلان خۆیشی خەڵکی ئورفەیە، زۆربەی سەرکردەو بەرپرسەکانی ئەم حزبە خەڵکی باکوورن و زۆرینەی هێزەکانی هەپەگەش کوڕان و کچانی باکوورن.
پەکەکە لەسەر بناغەی تیۆری (یەکەم گوللـە)ی فرانز فانۆن و باڵی چەکداری کۆنگرەی نەتەوەیی باشووری ئەفریقا «رمی نەتەوە» یەکەم گوللـەی خۆی لە کاتژمێر (9:30) شەوی 15ی ئۆگۆستی ساڵی 1984 لە شەمدینان لە پایەگەیەکی تورکدا، شەهید مەعسوم کورکماز رابەرایەتی ئەو شەڕەی کرد.

**رووبـەری باکووری کوردستان (216) هـەزار کم2 واتا (28%)ی خاکی تورکیایە، رووبەرەکەی (783562) هەزار کم2 و دانیشتووانی باکووری کوردستان (18 – 20) ملیۆن کەسن، واتا لە (25%) دانیشتووی تورکیایە.**
**بەپێی ئامارێکی 2013 ژمـارەی دانیشتووانی تورکیا (76 میلۆن و 667 هـەزار) کەسەو کورد لەناو (21) پارێزگا هەن لەکۆی (81) پارێزگای تورکیا.**
**بەپێی ئەم ئامارانەش ژمـارەی کـورد لە باکوور دەکاتە (56%) کۆی گشتی کورد لە جیهاندا.**
**بەپێی چەند ئامارێك ژمارەی کورد لە باشوور (5) ملیۆنەو دەکاتە (15%) ی دانیشتووانی عێراق، لە رۆژهەڵات (7) ملیۆن کە دەکاتە (20%) دانیشتووانی ئێران، لە رۆژئاواش (3) ملیۆنە کە دەکاتە (9%) ی دانیشتووانی سوریا.**
**بەپێی زانیارییەکانی محەمەد رەئوف رۆژنامەنووس کە لە گرافێکدا کۆیکردووەتەوە سەبارەت بە باکوور و بەشداری سیاسی کورد ئاوا دەڵێت «کە لە ساڵی (2007) کورد (24) پەرلەمانتار لە (2011) (36) پەرلەمانتاری هەبووە، واتا بە چوار ساڵ (33%) رێژەکە زیادیکردووە».**
**محەمەد رەئوف سەبارەت بە هەڵبژاردنی شارەوانییەکانیش دەڵێت: «لە ساڵی (2006) تەنها (58) سەرۆك شارەوانی کورد هەبووە، بەڵام لە (2010) رێژەکە درێژدەبێتەوە بۆ (100) سـەرۆك شارەوانی لە (2014) دەگاتە (115) سەرۆك شارەوانی، واتا رێژەکە (100%) زیادیکردووە».**

له باكوور سەرەڕای ئەو جموجوڵە سیاسییە نزیكەی (700) ڕێكخراوی كورد هەیە، بەپێی ئەم ئامارانە بێت، دەردەكەوێت كە پەكەكە گەورەترین پایەو نفوزی لە باكووردایە.
پەكەكە لەم پارچەیە، لەلایەكەوە خەباتی مەدەنی دەكات لە ڕێگای ڕێكخراوە مەدەنی و ناوخۆییە كلتوری و فەرهەنگی و چاندەوە، كە ڕۆڵی گەورەیان هەیە لە ئامادەسازیكردنی كچان و كوڕان بۆ قەندیل و بوون بە گەریلا.
لەو (8000) گەریلایەش كە پێشتر باسمان كرد، لەم چەند ساڵەدا پەیوەندییان بە قەندیلەوە كردووە، بە قسەی یەكێك لە فەرماندەییەكانی پەكەكە وتی: (70%)ی ئەو گەریلایانە كچان و كوڕانی باكوورن.
پەكەكە، لە باكوور لە ڕێگەی ئەندام پەرلەمانەكانی لەناو پەرلەمانی توركیا (36) ئەندامن و ڕوویەكی یاسایی داوە بەو حزبە. (HDP) نەك هەر ناكرێت بڵێین پەكەكە نین، بەڵكو بەهێزترین كەسایەتی و كادرو تەشكیلاتە نهێنییەكانی پەكەكەن لە شارەكان. پەكەكە ئەوانەی كردووەتە ڕەمزو سیمبوڵ لەناو توركیا.
ئەحمەد تورك، لەیلا زانا، سەڵاحەدین دەمیرتاش، گوڵتان كشاناك، سرری سورەیا ئەندەر، پەروین بوڵدان، دەمیرباش...) لە نموونەی ئەو ڕەمزانەن، كە بە ئاشكرا داكۆكی لە عەبدوڵڵا ئۆجەلان و مانیفیستۆی پەكەكە دەكەن.

له یەکێك له گوندەکانی شرناخ، کاتێك بەشداری یەکێك له پرسەیەکی ئەو گوندەم کرد، گەنجێکی چالاکی کوردی سەر بە (BDP) وێنەیەکی سەڵاحەدین دەمیرتاشی خستووەتە سەر شاشەی مۆبایلەکەی، کە لێم پرسی ئەوە بۆ؟ وتی: «ئەمە ئاپۆی شارە، ئەمە قسەی دڵی هەموو گەلی کورد دەکات، ئەمە شێرەو ترس نازانێت روبەڕووی تورك».

گەنجێکی تر لەکاتی نانخواردن کە یەکێکبوو لە کەسوکاری قوربانیانی رۆبۆسکی لەکاتی نانخواردنماندا وتی: «من بێ مووچە کاردەکەم بۆ (BDP) و تەنها خۆم مووچەیەکم هەیە کە فەرمانبەری شارەوانیم».

ئەم گەنجە وتی: «تا ئەم ئەرتەشە لەم وڵاتە دەردەکەین، هەدادان نادەین»، ئەو بەگەرمییەوە دەیوت «فەرموو سەیر بکە دەرکەوت چ پارەیەك سەرف دەکات، لەو بەنداوانەی لەسەر رووبارەکان دروستی دەکات، گوایە بۆ پرۆژەی کشتوکاڵییە، بەڵام لەبنەڕەتدا بۆ ئەوەیە کە گەریلا لەمبەرەوە دەتوانێت بچێتە ئەوبەر، چونکە شوێنێکی ستراتیژی گرنگە».

پەکەکە لە باکوور رێکخستنێکی پتەو و چالاك و بەهێزی دروستکردووە ، کە ئامادەیی هەموو گیانفدایکیان تێدایە، چ وەکو کاری رێکخراوەیی، چ وەکو هاوکاری ماددی، تەنانەت گەر پێویستیش بکات کاری کوشتنی سەربازو جەندرمەش.

**ئەمەی من باسی دەکـەم بە ئاشکرا لەناو کۆڵانەکانی دیـاربـەکـر هەستی پێدەکەیت، کـە دەبینین هەموو دیـوارەکـان بـە دروشـمـی «بـژی پەکەکە، بـژی ئاپۆ» داپۆشراون. ئەو شەوەی من میوانی یەکێك لە هاوڕێکانم بووم لە دیاربەکر ئەو خۆی چەند ساڵ گەریلا بوبوو لە قەندیل و پاشان گەڕابووەوە تورکیا، حەوت ساڵ زیندانی کـرابـوو و دواتـر ئـازادکـرابـوو، زاواکـەشـی کە ئەندامی تەشکیلاتی نهێنی پەکەکە بوو، زۆر بە حەماسەوە قسەی دەکـردو دەیـوت «ئەم چەقۆیەی پێمە بۆ پارێزگاری لە شـەرەفـی گەلی کـوردە، بۆ ئـەوەی هـەرکـات پەکەکە بڕیاڕیدا بیکەم بە سنگی جەندرمەیەکدا»، لەم شارەدا سێ ساڵە پەکەکە، بە بڕیاری ئوجەلان شەڕی گەریلایی و خەباتی چەکداری دژی ئەنکەرە راگرتووەو حکومەت و ئۆجەلان دەستیان داوەتـە پرۆسەی سوڵح و ئاشتی و یەکەم گـەڕی دانوستانەکان لە ئۆسلۆ، بە ئاگاداری حکومەتی بەریتانیاو نەرویج سازکرا بێ ئاکام بوو، دواتر گوێزرایەوە بۆ تورکیاو تائێستاش درێژەی هەیە.**

**ئۆجەلان و پەکەکە لەو پرۆسەیەدا داوای لابردنی چەند بڕگەو ماددەیەکی دەستوور دەکەن و داوای بە رەسمی ناسینی زمانی کـوردی و رێگادان بە رێکخراوی چاندو هونەری کـوردی و لابردنی بڕگەی (10%) دەنگدان و رێگادان بە پەکەکە، خەباتی مەدەنی بکات و سیستمی پـەروەردە بۆ کـورد بە رەسمی بناسرێت، بـەڵام تائێستا**

دەوڵـەت دەستی بە پرۆسەکە دەکـات، ئێستا پەکەکە وازی لە دروشمی خۆی هێناوە کە داوای دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان بۆ هەرچوار پارچەکەی دەوێت، توانی جەماوەرێکی زۆر بۆ خۆی کۆبکاتەوە. بەڵکو ئێستا داوای سیستمی خۆسەری دیموکراتی دەکات، کە ئەمەش تێزی تـازەی ئۆجەلانەو جیـاوازە لە تێزی دەوڵـەت - نەتەوەی یەکێتی و پارتی.

زۆر کەس باس لەوە دەکـەن ئۆجەلان بۆیە بەمشێوەیە پاشەکشەی کردووە لە داواکانی، تا دەوڵەت خۆی ئازاد بکات لە زیندان.

بــەڵام ئـۆجـالان دەڵـێـت: «بـا دەوڵــەت کێشەی کـورد چارەسەر بکات، ئنجا رەوشی من چاکبکات».

جەمیل بایك لەژێر دارگوێزەکانی قەندیل کە من و ئەو خەریکی نانخواردن بووین کەباب و برنج و بیبەری توندو شیرین دانرابوون، بـەدەم نانخواردنەوە لەبارەی پرۆسەی ئاشتییەوە وتـی: «دەزگـای میت چەندجارێك داوایانکردووە بۆ دانوستانی پرۆسەی ئاشتی بێنە قەندیل، بـەڵام من رەتـم کـردووەتـەوەو وتومە گەر دەتانەوێت ئاشتی بکەن بچنە ئیمراڵی لەگەڵ سەرۆك ئاپۆ دابنیشن، لە خۆتانەوە نزیکترەو پێویست ناکات ئەو رێگا دوورە ببڕن».

بایك کە نزیکەی بیست و پێنج مەتر پوشیشێکی رەساسی خاڵخاڵی بەستبوو و دەمانچەیەکی پێبو و دەهات عەگید

لێپرسراوی پەیوەندییەکانی حزبەکەی بەتەنیشتییەوە وەستابوو و چەند گەریلایەکی چەك بەدەست لە دەوروبەری ئێمە وەستابوون.
بایك وتی: «دەزانی بۆچی دەوڵەت و میت دەخوازن بێنە قەندیل؟ بۆ ئەوەیە کێشە بخەنە نێوان هەڵوێستی ئاپۆ و منەوە، یان ئیمراڵی و قەندیلەوە گوایە دوو بۆچوونی جیاوازمان هەیە».
مستەفا قەرەسور ئەندامی کۆنسەی بەڕێوەبەرایەتی (کەجەکە) لەبارەی پرۆسەی ئاشتی وتی: «پارتی دادو گەشە لەهەوڵدایە بۆ ئەوەی بتوانێت چەك داماڵینی پەکەکە دەستەبەر بکات».
وتیشی: «سەبارەت بەم بابەتە راستگۆین، بەڵام کێشە لەوەدایە کە ئەگەر حکومەتی تورکیاو پارتی دادو گەشە لە رەوتی دانوستانی ئاشتی جددین بۆچی رێگە بە سەرکردەکانی KNK نادەن لەگەڵ عەبدوڵڵا ئۆجەلان رێبەری پەکەکە دیدار بکەن؟ حکومەتی تورکیا لە وتەکانی خۆیاندا رایدەگەیەنێت، لەنێوان قەندیل و عەبدوڵڵا ئۆجەلان جیاوازی بیروڕا هەیە. ئەگەر بەڕاستی ئەم بابەتەتان قبوڵەو بەدوای چارەسەرکردنی پرسی کوردەوە، بۆچی رێگە نادەن سەرکردەکانی پەکەکە لەگەڵ عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە چیای قەندیل دیدار بکەن تاکو کێشەو ناکۆکییان چارەسەر ببێت؟».

ئەندامی کۆنسەی بەڕێوەبەرایەتی کۆما جڤاکێن کوردستان وتی: «کێشە چەك داماڵین یان چەك نەکردنی پەکەکە نییە، کێشە لە لابردنی لەمپەڕ لە بەردەم ڕەوتی دانوستانی ئاشتی بۆ گەیشتن بە ئەنجامە. لە ئێستادا هەموو ڕوانگەکان بەرەو لای پارتی دادو گەشەو حکومەتی تورکیایە تا ڕوونببێتەوە کە 10 بڕگەی ئاماژەپێکراو لە بەیاننامەی هاوبەشی ئەمدواییە جێبەجێ دەکەن یان نا؟ ئەم بابەتە گرنگی زۆری بۆ ئێمە هەیە. تا کاتێك کە ئەمکارە ئەنجام نەدرێت، پەکەکە چەك داماڵین قبوڵ ناکات.

وتیشی: بڕیار وایە پەکەکە بەهاری داهاتوو لە کۆنفرانسی چەك داماڵین بەشداری بکات نەك ئەوەی کە لە بەهاردا چەك داماڵین بکرێت. لەوکاتەدایە کە ڕێکەوتی چەك داماڵین دیاری دەکرێت».

پرۆسەی ئاشتی ئەوکاتە بەدیهات کە ساڵی (2012) گەریلا بۆ یەکەمجار توانیان لە ناوچەی شەمزینان (40) کیلۆمەتر بخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە، دروشمی «لێدەو بڕۆ»ی گۆڕی بۆ «لێدەو بمێنەرەوە»، ئەمەش واتای ئەوە بوو کە ئیتر پەکەکە بەتەنها شەڕی گەریلایی ناکات، بەڵکو دەستدەکات بە ڕزگارکردنی شارو شارۆچکەکانی باکوور، ئەو چالاکییانە واتا گۆڕینی هێزی سەربازیی لە قازانجی پەکەکە.

کەسێکی نزیك لە ئێران سەبارەت بەو شەڕانە رایگەیاند کە «ئێران و ئەرمینیا ئەوکات پاڵپشتی تەواوی شەڕەکانیان دەکردو تا ماوەی هاوکاری زۆرتر بوو بۆ ئەو شەڕانە گەر درێژەی هەبێت، ئەو کەسە وتی «روسیا ئەوکات پێشوازی لە وەفدێکی پەکەکە کردووە لە مۆسکۆ و ئامادەی هەموو هاوکارییەکی ماددی و سەربازی داوە گەر پەکەکە بخوازێت، هەربۆیە کاتێك پرۆسەی ئاشتی هاتە کایەوە هەرسێ وڵات نیگەرانی خۆیان نیشاندا کە ئامادەن پشتگیری زۆرتری پەکەکە بکەن، گەر شەڕ رانەگیرێت، بێگومان هۆکاری پشتیوانی روسیا، ئەرمینیاو ئێران زۆرن، کە لێرە شوێنی باسکردنی نییە، بەڵام هیچکام لەو سێ وڵاتە پەیوەندی سیاسی، ئابوری و مێژوویی لەگەڵ ئەنکەرە نییە، جگە لەم وڵاتانە هەریەکە لە بولگاریا، یۆنان، قوبروسی باشوور، سوریا، عێراق هاوکاری پەکەکە دەکەن.

ئێستا پرۆسەی ئاشتی بەردەوامەو (ئەکەپە) و حزبەکەی ئەردۆگان دەڵێن: «هەنگاوی زۆرمان ناوەو پێویستە پەکەکە چەك دابنێت»، بەڵام پەکەکە دەڵێت: «بەبێ گرەنتی و ئامادەبوونی لایەنی سێیەم ئامادەنین چەك دابنێین».

لەبارەی پرۆسەی ئاشتی و چەك دانانی پەکەکەوە، ئۆجەلان لە پەیامێکی (10) خاڵیدا رەوشەکەی هەڵسەنگاند کە جەختی لەسەر ئاشتی کردەوە نەك وەکو تورکیا دەڵێت چەك دانان.

له بانگەوازەکەی ئۆجەلاندا هاتووە: «ئەو قۆناغەی له چوارچێوەی پرۆسەی ئاشتیدا پێیگەیشتووین بۆ ئەوەی شەڕی سی ساڵە بگەیەنینە ئاشتییەکی چەسپاو و هەرماو، چارەسەری دیموکراتیانە ئامانجی دەکەم له مانگەکانی بەهاردا پەکەکە بۆ ئەوەی بڕیاری ستراتیژی و مێژوویی بدرێت، بانگهێشتی کۆنگرەی نایاسایی خۆیان دەبەستن، ئەم بانگهێشتەشم راگەیاندنی کۆتایی هێنان به بەرەنگاربوونەوەی» چەکدارییەو لەجیاتی ئەمە گرتنەبەری رێگەی سیاسەتی دیموکراسیانەیە:
هەروەها ئۆجەلان 10 خاڵی وەك بنەماو هەنگاوی گشتی دیاریکردووە کە ئەمانەن:
1) ناساندنی سیاسەتی دیموکراسی و ناوەڕۆکەکەی.
2) پێناسەکردنی ئاستەکانی هەرێمی و نەتەوەیی له چوارچێوەی دیموکراتیدا.
3) دەستەبەری یاسایی و دیموکراتی بۆ هاونیشتمانی ئازاد.
4) پەیوەندی کۆمەڵایەتی و دەوڵەتی به سیاسەتی دیموکراسی و سەرەباسەکان
5) پێکهێنانی رەهەندەکانی سۆسیۆ - ئیکۆنۆمی پرۆسەکە.
6) چارەسەری دیموکراتی بۆ پەیوەندی ئەمنی و دیموکراسی به شێوەیەکی ئازادانەو رەهەندە جەماوەرییەکانی بخرێتە بەرباس.
7) چارەسەرو دڵنیایی بۆ کێشەکانی ژن، کلتوورو ئیکۆلۆژی.

8) پێشخستنی هۆشیاری دیموکراتی لە بەرامبەر پێناسەکردنی تێگەیشتن لە ناسنامە.
9) کۆماری دیموکراتی، وڵاتی هاوبەش، پێوەدنگەکانی دیموکراتی گەل و لەنێو دەستووردا پارێزراو بن.
10) بۆ پێکهێنانی هەوڵە دیموکراتییەکان و بەیەکەوە بەستنیان بەیەکەوە پێویستی بە دەستوورێکی نوێ هەیە.
سەبارەت بە پرۆسەکە، یەکێتی ئەوروپا خۆشحاڵی خۆی بە پەیامەکەی ئۆجەلان نیشانداو رایگەیاند: «یەکێتی ئەوروپا خۆشحاڵە بە پەیامی ئۆجەلان».
یەکێتی ئەوروپا لە پەیامێکیدا خۆشحاڵی خۆی دەربڕی بە پەیامی ئۆجەلان و داوای لە پارتی کرێکاران کرد خەباتی چەکداری بگۆڕن بۆ خەباتی سیاسی.
دوای ئەوەی کە یاڵچن ئاکدۆغان یاریدەدەری سەرۆك وەزیرانی تورکیاو ئەفەکان ئالا وەزیری ناوخۆی تورکیاو پەروین بولدان و ئیدریس بالوکەن هاوسەرۆکانی فراکسیۆنی هەدەپەو سڕی سورەیا ئۆندەر پەرلەمانتاری هەدەپە لە کۆشکی دۆڵماباخچە لە ئۆفیسی سەرۆك وەزیران کۆبوونەوە، روونکردنەوەیەکی هاوبەشیان دا دەربارەی قۆناغی ئاشتی و تێیدا لە زاری عەبدوڵڵا ئۆجەلانەوە داوایان لە پەکەکە کرد، کە چەك فڕێ بدات و لە بەهاردا کۆنگرەیەکی نائاسایی ببەستێت. ئەمە خۆشحاڵی لای زۆرێك لە ناوەندەکانی سیاسی، ناوخۆ و دەرەوەی تورکیای لێکەوتەوە.

فێدریکا مۆگرینی نوێنەری باڵای سیاسەتی دەرەوەی یەکێتی ئەوروپا لە روونکردنەوەیەکیدا کە ئۆفیسی رۆژنامەوانییەکەی بڵاویکردووەتەوە، خۆشحاڵی خۆی دەربڕی بەرامبەر بەو روونکردنەوانە.
لە روونکردنەوەکەدا هاتووە: «وەك یالچن ئاكدۆ غانیش ئاماژەی پێداوە، ئەو روونکردنەوەیە هەنگاوێکی گرنگە لە قۆناغی چارەسەریدا، هیوادارین هەموو لایەنەکان ئەو هەلە بە دیموکراتیزەبوون و ئاشتی بەکاریبهێنن، ئێمە لە یەکێتی ئەوروپا وەکو هەموو کاتێك پشتگیرییەکی تەواوی ئەم قۆناغە دەکەین». هەر دوای راگەیاندنەکەی ئۆجەلان، ئەمەریکاش پشتیوانی لە پرۆسەکە کرد.
بەرپرسێك کە ئەندامی مەجلیسی پەکەکەیە، پێی وتم: «چەك دانان مەحاڵە، بەڵام گەر لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی حوزەیرانی 2015 (هەدەپە) توانی (10%) ی دەنگەکان بهێنێت، کە دەکاتە (74) کورسی پرۆسەی ئاشتی باشتر بچێتە پێش و تورکیا داواکارییەکانمان جێبەجێ بکات، رەنگە بیر لە چەك دانان لەناو تورکیا بکەینەوە نەك لە قەندیل».
دوران کاڵکان ئەندامی بەڕێوەبەری کەجەکە لەسەر ئەم پرسە رایگەیاند: «دەبێت رێگەی بە دیداری رێبەر ئاپۆ و رێکخستن بدرێت».
دوران کاڵکان ئەندامی کۆمیتەی بەڕێوەبەری پەکەکە دەڵێت: «لە لێدوانی شاندی هەدەپە لە 28ی شوباتدا، 10

سەردێڕ هەیە کە لەسەر هەندێك یان ڕێککەوتن هەیەو ئەگەر ئەوانەی تر بە تەواوی جێبەجێبکرێت، ئەوا تورکیا دیموکراتیك دەبێت و پرسی کورد چارەسەر دەکات، ئەوە بۆ ئێمە ئەساسەو ڕۆژەڤی ئێمەش ئێستا ئەوەیە».
دوران کاڵکان لەمیانەی بەشدارییەکیدا لە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی مەدنوچە، لێدوانی هاوبەشی نێوان هەدەپەو حکومەتی ئەکەپەی وەك دەستکەوتی تێکۆشانێکی دوورودرێــژ بەناو کردو وتی: «دۆخی قۆناغی بێچالاکی چەکداری، بۆ پێشکەوتنی قۆناغەکە هەنگاوێکی گرنگ و جددیە، دەبێت لەم دۆخەدا ڕەنج و سەبری ڕێبەری ئاپۆ لەبەرچاو بگیرێت، ڕێبەر ئاپۆ خۆشی وتی: جەوهەری ئەمە نیازپاکیەتی مـێـژووە، بـەڵام دەبێت ئـەو نیازە ڕاستەقینە بکرێت، بۆ ئەوەش هەندێك شت هەیە دەبێت بکرێت تا ئەو شتانە ببینرێت و بەوپێیە هەنگاو بنرێت».
کاڵکان ڕایگەیاند کە «دەبێت بە زووترین کات گفتوگۆ لەسەر ئەو (10) خاڵە بکرێت»، دەڵێن کێشەکە چەك دانانی پەکەکەیە، بەڵام خۆی ئەو کێشەیە دەرەنجامی نادیموکراتی و هەبوونی کێشەی کـوردە، جیاکاری، گوشارو کێشەی جـۆراوجـۆر هاتووەتە ئـاراوە، ئەگەر ئەوانە نەمێنن، ئەوا دیموکراتیکبوون پێکدێت، دەبێت بە هەڵوێستی دیموکراتیانە نزیکی چارەسەری پرسەکان بن، کێشەکان لەسەر ئەو بنەمایە چارەسەر دەبن، پەکەکەش هەمیشە ئـامـادەیـی خـۆی بـۆ ئـەوجـۆرە چارەسەرییە

نیشانداوەو ئامادەیەو ئاکاتۆرو هێزی بنچینەیی ئەوەیە، هەتا دواییش لەو مژارەدا بە بڕیارو داخوازین، لەبەرئەوە دەبێت ئامانج و راستییەکان بەرەواژو نەکرێنەوە، دەبێت مرۆڤ کاتی کۆتایی نەهێڵێتەوە سەرەتاو هی سەرەتاش نەخاتە کۆتایی، ئەوە واتای چییە؟ واتای دەبێت بۆ چارەسەری دیموکراتی هەنگاوبنرێت، دەبێت مرۆڤەکان ببنە خاوەن زهنیەتێکی دیموکراتیك و سیاسەتی دیموکراتی بەرهەمبهێنێت.

لە لێدوانەکەی شاندی هەدەپەدا (10) سەردێڕ بۆ دانوستان هەبوون، کە لەسەر هەندێك رێککەوتن هەیەو ئەگەر ئەوانە بەتەواوەتی جێبەجێ بکرێت، ئەوا تورکیا دیموکراتیك دەبێت و پرسی کورد چارەسەر دەکات، ئەوە بۆ ئێمە ئەساسەو رۆژەڤی ئێمەش ئێستا ئەوەیە، دەبێت گفت و گەرەنتی بدرێت، بەیاننامەی نیاز لەسەر ئەو ئەساسە کراوە، کاتێك رێبەر ئاپۆ ئەم قۆناغەی پێشخست وتی: «(هاوکات) واتا هەموو لایەك لەهەمانکاتدا ئەرکەکانی خۆیان جێبەجێ بکەن و هەنگاو بنێن».

دوران کاڵکان ئەندامی کۆمیتەی بەڕێوەبەری پەکەکە ئاماژەی بەوە کرد کە ئەوان وەك تەڤگەرو گەل لەسەر رێ و رێبازی رێبەری گەلی کورد عەبدوڵڵا ئۆجەلان تێکۆشان دەکەن و وتی: «دوێنێ وابووەو سبەینێش هەروا دەبێت، ئافرێنەری ئەم قۆناغە رێبەر ئاپۆیە، بەڵام چی

بوو؟ لێدوانێکی چەند دێڕی درا، سڕی سورەیا ئۆندەر لە چەند دێڕێکدا لێدوانەکەی ڕێبەر ئاپۆی خوێندەوە، بەڵام قۆناغەکە چۆن بە چەند دێڕێك و لەڕێی کەسێکی تـرەوە بەڕێوە دەچێت؟ بۆ نموونە ئێستا ئێمە نازانین ڕێبەر ئاپۆ بـارودۆخـەکـەی چـۆن نـرخـانـدووە، تائێستا گفتوگۆکان بەتەواوی لەوبارەیەوە نەگەیشتووەتە دەستی ئێمە، ئـەوەش تەنها بە دیدارەکانی شانێکەوە بەڕێوە ناچێت، چەند شتێك بۆ ئێمە هاتووە، لە دەرەوەی ئەوە نازانین ڕێبەری ئاپۆ چۆن بیردەکاتەوەو بارودۆخەکە چۆن هەڵدەسەنگێنێت، بۆ ئەوەش پێویستە ئێمە ئەو شتانەی پێویستە بیزانین، دەبێت ڕێگەی بدرێت تا ڕێبەر ئاپۆ لەگەڵ ڕێکخستن پەیوەندی و دیـدار ئەنجام بـدات و لەگەڵماندا قسە بکات».
خاڵی زۆر گرنگ بۆ ئێستای پەکەکە ڕەنگە هەم پرۆسەی ئاشتی پێشبخات و هەم ئازادکردنی ئۆجەلانی لە زیندان بەدواوە بێت، هەم پەکەکە بکاتە حزبێکی یاسایی ڕێگە پێدراو، سەرنجی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش بۆ لای خۆی رابکێشێت و ئاوێك بکات بە ئاگری شەڕی (30) ساڵەی ئەنکەرەو قەندیلەوە، بەڵام گرەنتییەك هەیە کە پێویستە حزبە ڕێگا پێدراوە بێ نـاوی کـوردی و بە ڕووخساری پەکەکە، بە ئایدۆلۆژیای پەکەکەو ئاپۆچێتی، بە دەمامکی قەندیلەوەو پێویستە (10%)ی دەنگەکان بەدەستبهێنێت لە هەڵبژاردنی حوزەیرانی 2015 دا.

ئـەم ڕێژەیە کە لە دەسـتـووردا (30) سـاڵ پێش ئێستا کەنعان ئیڤرین چەسپاندی و پێویستە هـەر حزبێك کە بەشداری هەڵبژاردن دەکـات (10%)ی دەنگەکانی تورکیا مسۆگەر بکات، کە بۆ هەدەپە کارێکی ئاسان نییە، ئەو ڕێژەیە ئەگەرچی سامپڵێك لەبەردەستدایە، ئەویش هەڵبژاردنەکانی سـەرۆك کۆماری تورکیایە لە بەهاری (2014) کە سەڵاحەدین دەمیرتاش و هەدەپە وەك نوێنەری کـورد بەشداریان کـردو توانی (9.3%) ی دەنگەکانی هەموو تورکیا مسۆگەر بکات، ئەمەش ڕێگەیەکی باش و نزیکە بۆ ئەوەی کە هەدەپە بتوانێت (10%) تێپەڕێنێت.

لەبارەی هەڵبژاردنەکانی حوزەیرانی 2015، دەمیرتاش ڕایگەیاند: «هەدەپە دەتوانێت ڕێـژەی (10%) تێپەڕ بکات، ئەمەش سەرەتای سەرکەوتنی پرۆسەی ئاشتییە لە تورکیا».
بەگوێرەی ڕاپرسییەك کە لە کۆمپانیای (KONDA) ئەنجامیداوە، پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە - HDP) ئەو ڕێژەیە تێپەڕ دەکات و دەتوانێت (74) پەرلەمانتار بنێرێتە پەرلەمان.
بەگوێرەی ئەو ڕاپرسییەی (KONDA) هەدەپە (10.6%) ی دەنگەکان دەهێنێت.

| حزبەکان | ڕێژەی دەنگەکان | ژمارەی پەرلەمانتار |
|---|---|---|
| AKP | 45.4% | 277 |
| CHP | 23.3% | 120 |
| MHP | 15.1% | 79 |
| HDP | 10.6% | 74 |

دەمیرتاش بۆچوونی وایە کە «ئەو بەستەڵەکە دەشکێنێت» ئەکەپە پێویستی بە دوو لەسەر سێی کۆی دەنگەکانی پەرلەمانی تورکیا هەیە، بۆ ئەوەی دەستوور بە قازانجی ئەردۆگان و ئەکەپە بگۆڕێت، بەڵام ئەگەر ئەم ڕێژەیە نەهێنێت روبەڕووی گرفت دەبێتەوە، هەربۆیە دەوڵەت باخچەلی سەرۆکی (مەهەپە - پارتی بزاڤی نەتەوەپەرست) ئەم کارە بە سیناریۆی ئەکەپەو پەکەکە دەزانێت بۆ دابەشکردنی تورکیا، کە ئەم بۆچوونە زۆرتر بۆ دەنگ کۆکردنەوەیە وەکو حزبێکی ناسیۆسیالیست - فاشی تورکی.

بەڵام هێشتا (جەهەپە - پارتی گەلی کۆماری) پارتەکەی ئاتاتورك بۆچوونێکیان نییە لەسەر ئەم مەسەلەیە، بەڵام تێپەڕاندنی (10%) هەدەپە بە یەکجاری سیستمی سیاسی دەگۆڕێت و ئاڵوگۆڕی گەورە لە نەخشەی سیاسی و پەرلەمانی و ئۆپۆزسیۆنی تورکیادا دێتەدی، وە ناسنامەی تورکیا ئاڵوگۆڕی گەورە بەخۆیەوە دەبینێت، بەڵام قسەی گرنگ بۆ ئەم پرۆسەیە دوو کەسی وەك یەکن، یەکێکیان

لە کۆشکی جان کایە، ئەردۆگانەو ئەوی تریش لە زیندانی ئیمرالی کە ئۆجەلانە.
ئەم دیمەنە سەرنجڕاکێشە لەزۆر وڵاتی تریش ئەزموون کـراوە، چ لە ئەمریکای بـاشـوور لەنێوان دیکلێرك و ماندێلا، چ لە بۆرما لەگەڵ ئان سان سوکی، هـەردوو پرۆسەکەش سەرکەوتنی دیموکراسی و زیندانکراوەکانی لێدەکەوێتەوە، کە دواتـر بوونەتە سیمبوڵی ئاشتی و دیموکراسی و ئارامی وڵات، چ لە ئەفریقای باشوور و چ لە بۆرما.
ئێستا ئەمە ڕێك بۆ تورکیاش ڕاستەو ئەزموونەکان دووبارە دەبنەوەو پێشموایە ئەردۆگان لە هەردوو سەرۆکەکانی ئەو دوو وڵاتە باشتر درك بە مەترسییەکان بکات و باشتر ئۆجەلان دەناسێت، هەرچەندە باس لە دانیشتنی نهێنی ئۆجەلان و دەوڵەتی ئەنکەرە دەکرێت لەسەر ئەم پرسەو گوایە بە نهێنی هێڵدراوەتەوە، گوایە ئەکەپە ڕازی بووە کامپینەکانی خۆی لە ناوچە کورد نشینەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا بە سادەیی بەڕێوەببات و جێیبهێڵێت بۆ هەدەپە، تا بتوانێت پرۆسەکە بێ کێشە بەرێتە پێش و ئەکەپە ئـەوەش بە بـاش دەزانـێـت کە سپاردنی ئەو ناوچانە بە پەکەکە بێ کێشە دەتوانێت هەڵبژاردنەکان تەواو بکات بێ ئەوەی کەس ببێتە قوربانی.
یەکێك لە سەرکردەکانی لەوبارەیەوە بە منی وت: «ئێمە لەگەڵ ئەکەپە لەوبارەیەوە دواوین، ڕامانگەیاندووە گەر

گرفت بۆ پرۆسەکە دروست بکەن و فێڵ لە کورد بکەن، قبوڵ ناکرێت و لەئاکامدا ڕەنگە شەڕ سەرهەڵبداتەوە، ئەوکاتە پەکەکە بیر لە دروستکردنی کانتۆن دەکاتەوە لە باکوورو سیستمی خۆسەری دیموکراسی دەچەسپێنێت».
هەرچەندە ئەم بۆچوونە وەکو فشار دەکرێت سەیر بکرێت، بەڵام ڕەنگە دوا دەرفەت بێت بۆ پەکەکەش کە چاوەڕوانی پرۆسەی ئاشتی بکات، چونکە ئەگەر (10%) تێپەڕ نەکات، ئەوکات هیچ ئەندام پەرلەمانێکی نابێت لە پەرلەمانی تورکیا، ئەمەش واتا ئیتر پەکەکە نوێنەرایەتی گەلی کورد ناکات، دەبێت بیر لە ئەڵتەرناتیڤێکی تر بکاتەوە، ئەو ئەڵتەرناتیڤەش هیچ نییە، جگە لە شەڕ، کە بێگومان لە قازانجی ئاشتی و ئارامی بۆ تورکیاو ئەکەپە نییە.
بۆیە ئەکەپە ڕەنگە بۆ خۆلادان لە شەڕی داهاتووی پەکەکە، ملبدات بۆ دەرچوونی کاندیدەکانی هەدەپە، بەتایبەتی تورکیا باش دەزانێت کە وڵاتانی روسیا، ئێران، ئەرمینیا، یۆنان، عێراق، سوریا چەند لەپشتی پەکەکەوە وەستاون بۆ ئەوەی پرۆسەی ئاشتی جێبەجێ نەکرێت، گەر گەڕێکی تری شەڕەکان دەستپێبکاتەوە بە چەك و یارمەتی ماڵی ئەوان.
بەتایبەت هەندێك لە وڵاتانی ئەوروپاش نیگەرانی زۆریان هەیە لە تورکیا، بەهۆی داڵدەدانی داعش و پشتیوانی لە ئیخوان موسلمین لە میسر، هەربۆیە لە فەڕەنسا هۆڵاند

پێشوازی لە ئاسیا عەبدوڵڵا و هاوسەرۆکی پەیەدە و نەسرین عەبدوڵڵا فەرماندەی یەپەژە کرد.
سەرچاوەیەکیش رایگەیاندووە کە «لە کۆتاییەکانی (2014) وەفدێکی پەکەکە سەردانی میسری کردووە لەگەڵ عەبدولفەتاح سیسی و دەزگای هەواڵگری میسر کۆبوونەتەوە، میسر ئامادەیی هاوکاری پەکەکەی داوە». کە بێگومان پێشوازی هۆلاند پەیوەندی بە داعشەوەو پێشوازی سیسی سەرۆك کۆماری میسریش پەیوەندی بە هاوکاری تورکیاوە هەیە بۆ ئیخوان موسلمین.

## پەکەکە و ئەنکەرە

**پـاش (30) سـاڵ ئـەم هێزە بوونە خـاوەنـی (16000) گەریلا لە شاخ، (12000) هـەزار شەهید، (36) ئەندام پەرلەمان لە تورکیا، نزیکەی (100) سـەرۆك شارەوانی، (10) کەناڵی ئاسمانی، (3) ملیۆن دەنگدەری ناوخۆو (3) ملیۆن پشتیوانی هـەنـدەران، پەرلەمانێکی کـوردی لە تاراوگەو (550) ملیۆن یۆرۆ داهاتی ساڵانەیەتی.**

خالید عـەدوان سەرۆکی پارێزگای دیاربەکری (AKP) دەڵێت: «هەڵوێستی دادگای شەشەمی تاوانە قورسەکانی دیاربەکر لە دۆسیەی کەجەکە، لەمەڕ زمانی کـوردی، قابیلی قـبـوڵ نییە، زمانێك کـە (15) ملیۆن کەس قسەی پێدەکەن، ئێوە ناتوانن گاڵتە بە زمـانو کلتوری کۆمەڵگەیەك بکەن و مافی ئەوەتان نییە هەرچەندە لە دادگاش بن، ئەمە ئەخلاقیش نییە».
عـەدوان دەڵـێ «وەکـو بیرۆکراتێك بـڕوام بە (ڕەجـەب گۆڤەن) سەرۆکی ئاسایشی دیاربەکر هەیە کە بوێری نیشاندا بۆ چارەسەری ئازارەکانی ئەو شارە کە گوتبووی «ئەگەر بۆ ئەوانەی لە چیاکان گیانلەدەستدەدەن. نەگرین، مرۆڤ نین»، دواجار دۆسیەکەی لە دادگا پوچەڵکرایەوە.
(مراد بەڵکە) پرۆفیسۆری ئەدەبیات لە زانکۆی بیلگی دەڵێ «گەر مێژووی پاشاکانی عوسمانیەکانتان بۆ بگێڕەمەوە سەیرە»، مراد دەڵێ «عوسمانی سێیەم دوژمنی ئافرەت بوو، مستەفای یەکەم شێت بوو، ئیبراهیمش عەقڵی زۆر

لەسەر خۆی نەبوو، مـرادی چـوارەم گیرۆدەی ئەلکهول بوو، بەهۆی شەرابەوە مـردووە، ئەویش گەندەڵ بووە، مرادی سێیەم بەزۆری بەدوای ئافرەتەوە بوو، محەمەدی سێیەم کە کـوڕی مـرادی سێیەم بوو ئەو شـەوەی دێتە سەر تەختی دەسەڵات (19) برای خۆی کوشتووە، سوڵتان سەلیمی دووهەم کوڕی قانونی بە سەرخۆشی لە حەمام کەوتووەو مردووە».

خۆشمان وەکو کورد ئەوانی تری دەزانین، لە مێژووی نوێشدا مستەفا کەمال (ئاتاتورك) باش دەناسین، کە چ قەتڵوعامێکی بەرامبەر کورد کـردووە، سلێمان دەمیریل، مەسعود یەڵماز، تانسۆ چیلەر، بوڵند ئەجەوید، عەدنان موندەریس و ئەربەکان) باش دەناسین کە لە سێ دەیەی رابـردوودا چیان بەسەر کورد هێناوە؟ باسی ئەربەکان‌و (AKP)یـش شاهیدی حاڵە، ئەگەرچی ئێستا دەیانەوێت دۆزەکـە بـەرەو باشتر بـەرن، تەنها لەو نێوەدا دەتوانین ئاماژە بە (تۆرکت ئۆزال) بکەین کە دەیویست چارەسەر بۆ کێشەی کورد بدۆزێتەوە، بەڵام کوشتیان.

بۆیە گـەر لـەهـەر کـوردێـك بپرسی، کـێ دەنـاسـی لە تورکیا قەتڵوعامی کـوردی نەکردبێ، رەنگە لانـی کەم ئـۆزال بناسێ، بەڵام هیچ تورکێك نییە ئەوە نەزانێ کە لەسەردەستی سەرۆك و بەرپرسەکانی ئەوان، کورد چۆن قەتڵوعام کراوە.

سەبارەت بە پرۆسەکە دەبێت بڵێم، ئایا ئەوەی مارکس

**وتی راستە «کە مێژوو دووجار دووبارە دەبێتەوە، جارێك کۆمیدی و جارێك تراژیدی».**
**ئەردۆگان دەیەوێت هەنگاوەکانی ئۆزال دووبارەو تەواو بکات یان وەکو بوڵند ئەجەوید رەفتار بکات، یان دەیەوێت پەکەکە بە دەردی پڵنگەکانی تامیلی سریلانکا بەرێت.....؟**
**ئۆباما کاتێك پشتیوانی خۆی لە پرۆسەی دیالۆگی (ئەنکەرە - ئیمراڵی) دەردەبڕێت، دەیەوێت ئۆجەلان وەکو ماندێلا چاوی لێبکرێت و لەگەڵ ئەردۆگان خەڵاتی نۆبڵ وەربگرن، یان وەکو تامیلەکان بەدبەختیان بکات..؟**
**حزبێك کە (30) ساڵ خەبات بکات و (12000) هەزار شەهیدی دابێت، زیاتر لە (4000) گوندی بەهۆی شۆڕشەکەیەوە خاپوور کرابن، گەلێك کە پێیبوترێت تورکی شاخاوی و داوای مافەکانی بکات و قەتڵوعام بکرێت، ژن و مێرد نەتوانن لەسەر جێگاش بە زمانی کوردی قسە بکەن، تا ئەم حزبە دێت و دەبێتە فریادڕەس بۆیان، کامەیە گوناهەو غەدرێك کە کراوەو دەبی ملی قوربانی لە موو باریکتر بێت بۆ داگیرکەر، تەنها لەبەرئەوەی وتیان و دەڵێن کوردین...؟!**
**سەرۆکی حزبەکە (16) ساڵ لە زیندانێکی تاکەکەسی، پاش گەلەکۆمەکیەکی نێودەوڵەتی وەکو دیاری بدرێتەوە دوژمنەکەی، ئێستاش لە زیندان لەوماوەیەدا (2300) کتێب بخوێنێتەوەو لە مێژووی شۆڕشەکەشیدا (100) کەس**

**له (کـورد، تـورك، روسـی، یۆنانی) خۆیان سوتاندبێت لەپێناویدا.**

**ئـەم حـزبـەو ئـەم سـەرۆکـە کاتی ئـەوە نـەهـاتـووە، بە مەنتقی دیالۆگی لەگەڵ بکرێت...! یان هەروەکو جاران دەیانەوێت خەریکی پیلان و لەناوبردنیان بن، لەکاتێکدا وەکـو مـەلا بەختیار دەڵـێ «زیندانەکان سەرکردەکان گەورەترو خۆشەویستر دەکەن»**

**ئایا تورکیا هێشتا لەسەر ئەو بڕوایەیە کـورد لە تورکیا دەتوانن هەموو شت بن....! بە ئۆجەلان و پەکەکەشەوە، دەتوانن وەزیـرو سەرۆك کۆماریش بـن...! بەڵام هەرگیز ناتوانن کوردبن...! ئایا تورکیا هەر لەسەر ئەم فەلسەفە شۆڤێنیە کاردەکات....!**

**یان دەتوانن لە زیندان نەبن و وەزیربن و کوردیش بن، خۆ گەر ئەمەی دووەمیان بێت، بێکێشە نییەو ئاریشەشی لەڕێگادایە. بەڵام تونێلەکە ئارامی دەگەیەنێتە مەنزڵ و خوا بە چاکەی خۆی رەحم بە ئەردۆگان دەکات.**

**من نازانم ئەردۆگان یان دیکلێرك کامیان زۆرتـرو زیاتر جینایەتیان بەرامبەر (دوژمنەکانیان - بەقسەی خۆیان) ئەنجامداوە، بەڵام دەزانم کوردەکان و سەرۆکەکەیان زۆر لە ماندێلا زیاتر و رەشپێستەکان قوربانیان داوەو مێژوو و خواکەشیان غەدری لێکردوون.**

**ئەردۆگان دەتوانێ زیندانیەك کە ئەجەوید شانازی بە دەستگیرکردنیەوە دەکـرد ئـازاد بکات، ئەمەش کۆتایی**

گرێ کوێرەکەو سەرەتایی چارەسەرکردنی کێشەکەیە، کە بە درێژایی مێژوو هەبووەو بی چارەسەر هەردەمێنێت.
ئەنکەرە پێشتر دەیوت ئەمانە دزو جەردەن، بەکرێگیراوی وڵاتانی دراوسێن و مافیان، دەیوت زوو لەناویان دەبەین، جەنەراڵەکانیان کە خێریان لەشەڕدایە هەمیشە تورکەکانیان لەم بەهار بۆ ئەو بەهار بە خەیاڵی لەناوبردنی پەکەکە مەست دەکرد، کەچی پاش (30) ساڵ ئەم هێزە بوونە خاوەنی (16000) گەریلا لە شاخ، (12000) هەزار شەهید، (36) ئەندام پەرلەمان لە تورکیا، نزیکەی (100) سەرۆك شارەوانی، (10) کەناڵی ئاسمانی، (3) ملیۆن دەنگدەری ناوخۆو (3) ملیۆن پشتیوانی هەندەران، پەرلەمانێکی کوردی لە تاراوگەو (550) ملیۆن یۆرۆ داهاتی ساڵانەیەتی، بێگومان ئەم ژمارەو ئەم سەرکەوتنانە بە ئاسانی بەدینەهاتوون و بێ ئیمان و باوەڕیش هەرگیز نەدەکران و ناکرێت، کە کراویشن پاشەکشەیان لە ئیمکان نەهاتووە.
ئالپەر گۆرموش نووسەر لە رۆژنامەی تەرەفی تورکی لە بابەتێکدا بە ناونیشانی «بۆ شەرەفەدین ئالچی» نوسیویەتی «راستە کورد لەم وڵاتەدا دەتوانن ببنە سەرۆك کۆمار، یان وەزیر، بەڵام ناتوانن کورد بن» نوسەر دەڵێ «بەڵام «شەرەفەدین ئالچی» یەکەم کەس بوو کە لەم وڵاتەدا هەولێدا، هەم کورد بێت و هەم وەزیر» بەڵام نەکرا تەنها لەبەرئەوەی وتی کوردم، خرایە زیندان.

نووسەر دەڵـێ «بۆمان دەردەکـەوێـت کە کەسێك کە وەزیر، یان سەرۆك وەزیران یاخود سەرۆك کۆمار بێتو لەهەمانکاتدا بیەوێ « کورد بێت» چی بەسەر دێ..؟!».
نووسەر دەڵـێ ساڵی (1970) کاتێك (پەکەکە) نەبوو، شەپۆلی ناسیۆنالیزمی کـوردی هێشتا سەریهەڵنەدابوو، کاتێك وەکو وەزیر لە نوسینگەی خۆی بە کوردی قسەی کـرد، تورکیا توشی شڵەژان بـوو، لەکاتێکدا ئاڵچی لە حکومەتەکەی بوڵند ئەجەوید وەزیری کشتوکاڵ بوو وتی «من کـوردم، لە تورکیا کـورد بوونیان هەیە»، ئەوکات ئـەم قسەیە بۆ ئاسمان بـەرزکـرایـەوەو وەزارەتـــی لی سەندرایەوەو خرایە زیندانەوە بۆ ماوەی (27) مانگ».
بـەڵام ئێستا تورکیا دەبـێ بزانـێ بـارودۆخـەکـە سەیر گـۆڕاوە، کە هیچ لە بـەرژەوەنـدی ئـەودا نییە، چونکە پاش (40) ساڵا ئاڵچی لە وەزیرییەوە جارێکی تر بووە ئەندام پەرلەمانی تورکیا لەسەر لیستی کوردەکان، کە ئەمجارە بە دەنگی بەرز هاواریکرد «بەڵێ کوردم» (15-20) ملیۆن کورد لە تورکیا هەن، بۆ بەرگری لە ئەوانیش هاتوومەتە پەرلەمان، بەبێ ئەوەی تورکیا، ئەمجار بتوانی رەوانەی زیندانی بکات، بۆچی؟
هـەر لـەبـەرئـەوەیـە کـە بـارودۆخـەکـە گــۆڕاوە، تورکیا نەیتوانی ئاڵچی بخاتە زیندانەوە، بگرە کە ساڵی (2012) ش گیانیلەدەستدا لە گواستنەوەی تەرمەکەی بۆ زێدی خۆی، دەیـان هـەزار کەس تەرمەکەیان لە بـاوەش گرت

و به ئاڵای کوردستان دایانپۆشی و سرودی کوردیان بۆ چڕی و به زمانی کوردیش مەلا تەڵقینی کرد؟ بۆیە دیسان دەیڵێمەوە، چونکە بارودۆخەکە گۆڕاوە، بەڵام له قازانجی تورکیا نا...!

لەوەش گرنگتر گەر له سەردەمی ئەجەوید، یەڵمازو چیلەریش رێگا به کورد نەدرا به کوردی قسەبکەن، ئێستا (BDP) که (36) ئەندام پەرلەمانی لەناو پەرلەمانی تورکیا هەیەو خەڵکانی وەك ئەحمەد تورك، دەمیرتاش، کشاناك، ئۆغلۆك و ئاڵتان... تێدایە، که نەك هەر به کوردی قسە دەکەن و به دەنگی بەرز دەڵێن کوردین، بەڵکو داوای مافە گرنگەکانیان دەکەن، لەگەڵا گەریلاش کۆدەبنەوەو هاوار دەکەن «ئاپۆ» سەرۆکی مەیە، دەبێ له زیندان ئازاد بکرێت.

هیچ سەیر نییه که بەسەدان گەنجی کوردم بینی له شێرناخ، جولەمێرگ و جەزیرە که وێنەی دەمیرتاشەکانیان خستبووە سەر مۆبایلەکانیان و دەیانوت ئەمە نوێنەری ئێمەیە، قسەی دڵی ئێمە دەکات.

نووسەر له بەشێکی تری نووسینەکەیدا دەڵێ «ساڵی 1959 کاتێ شەڕ له نێوان بارزانی و عیراقدا روویدا، دوو تورکمان کوژرابوون و تورکیا داوایکرد بەهەمان ژمارە له تورکیا کورد بکوژن وەکو تۆڵەکردنەوە، بەڵام هەر ئەوکات (102) خوێندکاری زانکۆ نامەیەکیان ئیمزا کردو بڵاویانکردەوە بەناوی «کوردەکانی تورکیا».

نووسەر دەڵێ «پێنج مانگ دوای ئەوە «موسا عەنتەر «لە رۆژنامەی «ئیلەر یورت» شیعرێکی کوردی بڵاوکردەوە، قیامەت هەڵسا، دیقەت بدەن کە بارودۆخەکە چەندە گـــۆڕاوە، پـاش سـی سـاڵا (35000) تـورك و کـورد لە شەڕەکانی حکومەت و گەریلا کــوژراون، تورکیا باش دەزانێ زۆرتر لەو کوژراون...؟ دەزانێ بۆ؟

چونکە هێشتا عەقڵیەتی تورکیا گـۆڕانـی گـەوهـەری بەخۆیەوە نەبینوە، بەرامبەر کـورد، سی سـاڵ دوای رووداوەکـانــی (1959) پێیوابووە کە هـەر سەربازێك بکوژرێ دەبێ هاووڵاتیەکی کورد بکوژرێ و هەرهەمان کاریشی کـرد، بـەڵام دواجـار نەیتوانی نە کـورد کۆتایی پێبهێنێ، نە گەریلاش بنەبڕ بکات.

ئێستاش کە خەریکە دەگاتە قەناعەت بە مێزی گفتوگۆ، ئێستا بـارودۆخـەکـە تـەواو گـــۆڕاوە، موسا عەنتەر بە شیعرێك رێچکەی شکاند، تـا بـە هـــەزاران شیعرو سرود لە رۆژنامەکاندا بڵاوبکرێـتەوە، بێگومان هێشتا تورکیا دەیەوێت هاوشێوەی عەنتەر، هەموو ئەوانەی شیعر دەنوسن بخاتە زیندانەوە، بـەڵام تـازە لەدەستی دەرچووە...!

ئێستا هەستی نەتەوەیی کورد هێندە چۆتە پێش، زیندان ناتوانێ چارەسەری نوسەران و رۆژنامەنووسان، چالاکانی مەدەنی، سەرۆکی شارەوانییەکان و ئەندام پەرلەمان و تەنانەت گەریلاش بکات.

له ماوەی سێ ساڵی رابردوودا، تورکیا (12000) کەس بەتۆمەتی لایەنگری (پەکەکە) خستە زیندان، (30) سەرۆك شارەوانی و (78) رۆژنامەوانی خستە زیندان، بەڵام چی گۆڕاوە جگەلەوەی زیندانەکان گەورەتر بوون و شاخەکانیش گەریلای زیاتر دەگرێتەخۆی بۆ راهێنان و شەڕی مان و نەمان و ئۆجەلانیش لە زیندان بووە پاڵەوان.

چی روویداوە؟ کوردەکان دەڵێن مایەی شەرمەزارییە بۆ ئێمە لە دەرەوەی زیندان بین، کاتێك سەرۆکەکەمان لە ئیمراڵی زیندانییە، زیندان بۆ ئێمە شەرەفێکی گەورەیە...!

ئایا لەمکاتەدا تورکیا دەبێ بزانێ زیندانیکردنی کورد مانایەکی نییە، چۆك دادان و هەرەس مانایەکی نییە.

سامی کۆهەن نووسەر لە رۆژنامەی میللیەتی تورکی لە بابەتێکدا «بۆچی رەوشی تورکیا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەپاشەکێشەدایە؟» لەمبارەیەوە دەڵێ لە ناوچەکەدا لەناو ئەو (16) دەوڵەتەی راپرسی تێدا کراوە، رێژەی ئەوانەی بە نەرێنێ لە تورکیا دەڕوانن، (69%) ساڵی رابردوو (79%) نووسەر دەڵی «ئەم رێژەیە لە سوریاو عیراق کەمتریشە، بەڵام لە زۆربەیان لەدابەزیندایە، رێژەی ئەوانەشی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی تورکیا وەکو نموونە دەبینن. لە (61%) بۆ (53%) دابەزیوە، ئەوانەشی پێیانوایە تورکیا وڵاتێکی مەزهەبیە (28%)و زۆرینەی عیراق و سوریا بە چاوی دوژمن لە تورکیا دەڕوانن».

ئەگەر ئەم ئامارانە بەڕاستیش وەرگرین هێشتا لە قازانجی تورکیا نییە، وادیـارە لە هەموو بوارەکاندا پاشەکشەی کردووە، ئەگەرچی نووسەر لە عیراقدا، باس لە کوردستان نـاکـات، بـەڵام گرنگی راپرسییەکە لـێـرەدایـە، کـە گەر بۆچوونی هاووڵاتیانی کورد لە هەرێم وەربگیرێ، رێژەی ئەوانەی تورکیا وەکو دوژمن سەیردەکەن (95%) زیاترە، تورکیا دەبـێ بزانێ بۆچی، دیسان ئەوەیە بارودۆخەکە گۆڕاوەو تورکیا وەکو خۆیەتی.
ئەگەرچی پەیوەندی سیاسی نێوان هەرێم و تورکیا تا رادەیــەك چۆتەپێش، بـەڵام باکگراواندی کێشەکان و پەیوەندی نەتەوەیی هەرێم و باکوورو کاریگەری لەسەر ئەو هەڵوێستەی خەڵکی کوردستان بەرامبەر بە تورکیا.
جیالەوانە راستە پەیوەندی بازرگانی نێوان هەولێرو بەغداو ئەنکەرە ساڵانە نزیکەی (12) ملیار دۆلارەو هەرێم بـەدوای ئەڵمانیا پلەی دووەم داگیردەکات لە ئاڵوگۆڕو پەیوەندی بازرگانیدا.
جیالەوانەش هەنگاوەکانی راکێشانی بۆری نەوت لەنێوان هەرێم و تورکیا رەنگە خاڵێکی گرنگ بێت، لە وەرچەرخانی ئابوری نێوان هەردوولاو قەبارەی ئەو ئاڵوگۆڕە بازرگانییە بگەیەنێتە زیاتر لە (25) ملیار دۆلارو پێشتریش وەزیری وزەی تورکیاو وەزیـری سامانە سروشتییەکانی هەرێم ئەوەیان راگەیاندبوو تا ساڵی (2014) قەبارەی ئابوری هەرێم و تورکیا دەگاتە ئەو ژمارەیە.

بـەڵام ئەمە مـەرج نییە بـۆ ئـەوەی لـەپاڵ فاکتەرە ئابورییەکانی خەڵکی کوردستان دەوڵـەتـی تورکیای دراوسێیان خۆشبوێت، وەکو چۆن گەر راپرسی بکرێت، خەڵکی کوردستان رەنگە هیچ کام لە وڵاتانی دراوسێیان بەدڵ نەبێت و رێژەیەکی خەیاڵی دەربچێت. ئەوەش پەیوەندی بە رابـردوو و ئێستاو داهـاتـووەوە هەیە، پەیوەندی بە شەڕو کێشەی نەتەوەییەوە لە رابردوودا.

سـەڕەرای ئـەوەی کـورد ئەم ئاڵوگۆڕە بازرگانیانە بە بەرژەوەندی دوولایەنە دەزانـێ، بەڵام کوردەکان بیر لە داهاتوو دەکـەنـەوە، ئایا لە سبەینێ راگەیاندنی دەوڵەتەکەیان؟ دراوسێکەیان دانیان پێدا دەنێت، یان رێگریان بۆ دروست دەکات.

ئایا تورکیا دەروازەی ئـاوی، وشکانی، ئاسمانیەکانی بـۆ دەوڵـەتـە تـازەکـەی دراوسـێـیـەکـەی (هەرێمی کوردستان) دەوڵەتی ژمارە (194) ئاوەڵڵا دەکات، یان دەبێتە هاوبەشی ئێران و سوریا بۆ داخستنی ئەم بەرژەوەندیانە. وەڵامـی ئـەم گریمانەیە دیـار نییە. هەربۆیە ژمـارەی ئەو کوردانەی کە تورکیایان خۆش ناوی زۆر بەرزە.

لەگەڵ ئەوەشدا وەکو جەنگیز چاندار رۆژنامەنووسی تورك دەڵێ «تورکیا یەك دراوسێی هەیە، کە کێشەو گرفتی لەگەڵیدا نییە، ئەویش هەرێمی کوردستانە»، ئایا تورکیا ئەم مەسەلە گرنگە دەزانێ«.

**یان ئەو ئامارانەی سەرەوە، کە نیشاندەدات تورکیا لەزۆر بواردا لە ناوچەکەدا پاشەکشەی کردووە، تورکیای نیگەران نەکردووە...؟!**

**ئایا تورکیا ئەوە دەزانێ وڵاتانی دراوسێ، زۆربەیان لە کێشەکانی ناوچەکە نەك هاوبەش نییە، بەڵکو رێك دژی پلان و ئامانجەکانی ئەنکەرەن لە بابەتی کێشەکانی سوریا، عیراق و ئێران سێ وڵاتن کە دژی خواستەکانی تورکیان، لە کێشەکانی دەریای ئیجە یۆنان و قوبرس دژی ئامانجی ئەنکەرەن. لە وڵاتە سەربەخۆکانی یەکێتی سۆڤیەت، ئەرمینیاو هەندێکی تر دۆستی نین.**

**کەواتا تورکیا بیەوێت یان نا چۆتە پاڵ بەرەی سوننە مەزهەبەکانی ناوچەکەوە، کە دیسان هیچ خۆشحاڵ نین بەوەی ئەنکەرە ببێتە دەوڵەتی پلەیەکی ناوچەکە؟**

**ئایا عەرەبستانی سعودیە، ئیمارات و قەتەر خۆشحاڵن، ئەردەن خۆشحاڵە، بێگومان نەخێر، کەواتا کێ مایەوە دۆستی تورکیا بێ، ئەمەریکا ماوەتەوە؟**

**ئەمەریکا راستە دۆستی ئەنکەرەیە، بەڵام لەگەڵا هەموو هەنگاو وسیاسەتەکانی ئەنکەرە نییە؟.**

**بۆیە لە ئێستادا گرنگ نییە کێ و چەند کەس دەچنە ئیمراڵی بۆ دیداری ئۆجەلان، چونکە ئەمە هێشتا قۆناغی زۆر سادەو ساکارو سەرەتایین، واش باشە خاوەن قسەکان بچن نەك رێگا لە دەمیرتاش بگیرێ، چونکە دواتریش تورکیا دەبێت ئەوە بزانێت هێشتا دیداری قەرەیلان یان**

قەندیلیش ماوە، چونکە قەندیل دوای ئۆجەلان دووەم قسە دەکات سەردانی سێ ئەندام پەرلەمانی (BDP) بە خواستی ئەنکەرە یارییەکی سادەیەوە دانوستانێکی ساردوسڕە، دەکرێ چاوەڕێ بین بزانین ئەردۆگان دەیەوێت تورکت ئۆزال بێت یان ئەجەویدێکی تر.

## پەکەکە و دیبلۆماسیەت

**«لـەم دواییانەدا عەبدولفەتاح سیسی سەرۆکی میسر پێشوازی لە وەفدێکی پەکەکە کردو ئامادەگی هاوکاری بۆ دەربڕیبوون، کە ئەمەش قۆناغێکی نوێ و گرنگە کە میسر ئامادەیە هاوکاری پەکەکە بکات».**

پارتی کرێکارانی کوردستان، هەمیشە لەسەر سێ پایە وەستاوەو خەباتی چەکداری لە قەندیل، خەباتی مەدەنی لە شارەکان (دیاربەکر)، خەباتی دیبلۆماسی لە ئەوروپاوە بەڕێوەدەبات، لە ئێستادا پەیوەندییە دیبلۆماسییەکانی پەکەکە هەنگاوی باشی ناوە بەتایبەتی بەدوای شەڕەکانی داعش و دروستکردنی کانتۆنەکانی رۆژئاوا، لە ئاڵوگۆڕکردنی سیاسەتی دیبلۆماسیەتی پەکەکە بەدیدەکرێت:

لەگەڵ ئەمریکاو خۆرئاوا رایەڵەی باریك و تەنك دروستبوون، کە پێشتر پچڕابوون، کۆبوونەوەی وەفدی باڵای پەکەکەو پەیەدە لەگەڵ ئەمریکا لە باشووری کوردستان و کۆبوونەوەی فەرماندەکانی یەپەگە لەگەڵ دەزگا هەواڵگرییەکانی ئەمریکاو پێشوازی هۆلاند لە کۆشکی ئالیزی لە ئاسیا عەبدوڵڵا هاوسەرۆکی پەیەدە، نەسرین عەبدوڵڵا فەرماندەی یەپەگە هەنگاوێکی نوێ بوون.

دەنگ هەڵبڕینی دەیان ئەندام لە پەرلەمانی ئەڵمانیاو نەمساو ئیتاڵیاو سوید.. بۆ پشتگیری لە خەباتی کۆبانێ و شەڕڤانانی یەپەگەو داواکـردن بۆ دەرهێنانی پەکەکە لە لیستی تیرۆر، لەو هەوڵانەن کە پەکەکە سەرلەنوێ لە حزبێکی لۆکاڵییەوە دوای کۆبانێ بووەتەوە حزبێکی گلۆباڵ و پەیوەندییە چالاك و دیبلۆماسییەکانیشی رۆڵی گرنگیان هەیە لەم بـوارەدا، کە لە برۆکسلەوە ئاڕاستە دەکرێت.

بەپێی سەرچاوەیەکی تایبەت، پەکەکە لە رێگای گروپی فەتحوڵڵا گولەنەوە پەیوەندییەکی گەورەی لەگەڵ لوبی ئەرمەن و پەیوەندییەکی توندوتۆڵی لەگەڵ لوبی جولەکە لە ئەمەریکا دروستکردووەو دیداری تایبەت و هاوبەشیان هەبووە، تەنانەت باس لەوە دەکرێت کە هەردوو لوبی کاریگەر، نیگەرانن لە پرۆسەی ئاشتی لە باکوور لەگەڵ ئەنکەرە، کە بێگومان لوبی جولەکە کاریگەری گەورەیان لەسەر سیاسەتی واشنتۆن هەیە.

لەلایەکی تـرەوە پەکەکە، بـاش کەڵك لە دەرفەتەکان وەردەگرێت، سەرچاوەیەك کە پێی باش نییە ناوەکەی ئاشکرا بکرێت دەڵێت: «بـەدوای رووداوەکانی بەهاری عـەرەبـی و قەیرانەکانی سوریا دەخـالـەتـی، ئەنکەرە لـە میسرو سـوریـا پشتیوانی لـە محەمەد مـورسـی و ئیخوانەکانی میسر، دەرکـەوت کە ئۆردوگان و ئەنکەرە چەند هەوڵی تێکدانی میسرو پشتگیری ئیخوانەکانن،

بۆیە لەم دواییانەدا عەبدولفەتاح سیسی سەرۆکی میسر پێشوازی لە وەفدێکی پەکەکە کردو ئامادەگی هاوکاری بۆ دەربڕیبوون، کە ئەمەش قۆناغێکی نوێ و گرنگە کە میسر ئامادەیە هاوکاری پەکەکە بکات».

لەگەڵ سوریا، لەم بـارودۆخـەدا پەیوەندییەکان خۆی بـاش راگـرتـووە، کـە تـورکـیـاو داعـش فـشـاری زۆریـان خستووەتە سەر کانتۆنەکان. لەگەڵ ئەرمینیا پەیوەندییە دیبلۆماسییەکان بـەردەوامـەو، هاوکات لەگەڵ روسیا پەیوەندییەکانی پەکەکە لەوپەڕی باشیدایە، چونکە لە مۆسکۆ پەکەکە نوێنەرایەتی هەیەو چەندین باڵەخانەو سەرمایەی هەیە، جارێك لە مۆسکۆ هەڤاڵ فەرهاد نوێنەری پەکەکە بە منی وت: «پەکەکە لێرە دەیـان سەرچاوەی ماددی هەیەو پەیوەندییەکی گەورەی هەیە لەگەڵ کوردەکان و روسیاو کافکاس و وڵاتانی جۆرجیا لە ئازربایجان، ئەرمینیا، کازاخستان».

لـەگـەڵ ئـەوەشـدا لـە کۆتاییەکانی 2014 دا مۆسکۆ بە رەسمی پێشوازی لە ساڵح موسلیم و سەڵاحەدین دەمیرتاش کردو باس لـەوەش دەکرێت بەنهێنی لەگەڵ وەفدی باڵای پەکەکە دانیشتن هەبووە.

روسـیـا دەتـوانـێـت رۆڵــی گـرنـگ بـگـێـڕێـت، یەکێك لـە پەیوەندییە دیبلۆماسییەکانی پەکەکەو پتەوی پەیوەندییەکانی پەکەکە لەگەڵ ئێران و تەنانەت باس لـەوە دەکرێت کە پەکەکە ئێستا چووەتە پـاڵ بـەرەی

شیعی ئێران لـەدژی سوننەو تورکیا، تەنانەت باسی لە پەیوەندی نهێنی پەکەکەو حزبوڵڵای لوبنانیش دەکرێت، کە پێشدەچێت ئێران رێکیخستبێت.
تەنانەت باس لە هاوکاری سەربازی زۆری ئێران دەکەین بۆ شەڕەکان دژ بە داعش بۆ قەندیل و ئاگربەستی نێوان پژاك و ئێرانیش لێکدەدرێتەوە.
لە ئاستی کوردستانیش پەکەکە باشترین پەیوەندی لەگەڵ یەکێك لە هێزە گرنگەکانی کوردستانی باشوور (ی.ن.ك) هەیەو لەوبارەیەوە باسی توندوتۆڵی پەیوەندییەکانی هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەدو جەمیل بایك دەکـرێـت و پەکەکە خۆیشی ئەوە ناشارێتەوەو زۆریش ستایشی رۆڵی هێزەکانی دژەتیرۆر دەکەن.
لە ئاستی رۆژهەڵاتیش پەیوەندییەکان زۆرباش نییە، بەڵام خەریکی ئاسایی کردنەوەن.
لە رابردوشدا پەکەکە پەیوەندییە دیپلۆماسیەکانی لەگەڵ زۆر وڵاتی خۆرئاوایی و ناوچەیی هەبوە. ساڵی 1996، پەکەکە نوێنەری هەبو لە واشنتۆن، بەناوی کانی غوڵام.
ساڵی 1993 پەیوەندییەکانی پەکەکەو ئەرمینیا زۆرباش بوو، باسی لەوە دەکرێت شەش سەربازگەی پەکەکە لە سنوری یۆناندا هەبوون. ساڵی 1992 عوسمان ئۆجەلان سـەردانـی یەریڤانی کـردووە و ساڵی 1993 عەبدوڵا ئۆجەلان خۆی سەردانی ناوچەی لاچینی کردووە.

ئەمە مانای وایە پەکەکە لە بواری دیپلۆماسی لە رابردوودا پەیوەندییەکانی زۆر باشبوە.
هەرچەندە پەکەکە لە دوای دەستگیرکردنی ئۆجەلان لە کینیا، نیگەرانی زۆری لە یۆنان هەبووە بەڵام لە رابردوودا پەیوەندیەکانی پەکەکە و یۆنان چ لەبواری دیپلۆماسی و چ لەبواری سەربازی و موخابەراتی و دارایی زۆر باش بوو، باس لەوە دەکرێت کە یۆنان ساڵانە دەیان ملیۆن دۆلاری یارمەتی پەکەکە داوەو چەندین پلەداری سەربازی یۆنان سەردانی دۆڵی بیقاع و سەربازگەی مەعسوم قورقمازیانکردووە لە ساڵی 1988 .لەگەڵ قوبرس پەکەکە هەر ئەوکات پەیوەندییەکانی خۆی پەرە پێداو ساڵی 1993 مومتاز سویسال، کە دواتر بووە وەزیری دەرەوەی تورکیا رایگەیاند کە پەکەکە لە باشوری قوبرس جێگیربووەو هاوکاری سەربازی و ماڵی دەکرێت.
ساڵی 1994 کاربەدەستانی روسیا رێگایاندا بە پەکەکە، کە کۆنفرانسەکانی خۆی لە روسیا ببەستێت کە سێ کۆنفرانسی جیاواز بوون، هەر ئەوکاتەش سوریا دەشت بیقاعی بۆ پەکەکە کردە سەربازگە، ئەوە جگە لەوەی باسی لە هاوکاری زۆر و زەوەندی ئێران دەکرێت بۆ پەکەکە، تا چەند ساڵ پێش ئێستا لەشاری ورمێ دەفتەری رەسمی هەبوە لە رابردودا. بە تایبەتی لە ئێستادا پەیوەندییە دیبلۆماسیەکان لەگەڵ عێراق بەردەوامە،

**تەنانەت باس لە بوونی پەیوەندی پتەوی نێوان پەکەکەو حکومەتی بولگاریا دەکرێت، بێگومان وا پێدەچێت پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی پەکەکە لە ئێستادا لە جاران باشترو چالاکتربێت، بەتایبەت دوای شەڕەکانی کۆبانێ و کانتۆنەکانی رۆژئاواو شەڕەکانی داعش.**

**پەکەکەو دارایی**

**بەپێی سەرچاوە ناڕەسمییەکان پەکەکە خاوەنی (500) ملیۆن یۆرۆیە.**

بەپێی سەرچاوە نارەسمییەکان پەکەکە خاوەنی (500) ملیۆن یۆرۆیە، بەڵام یەکێك لە بەرپرسەکانی پەکەکە وتی: ساڵانە نزیکەی (50) ملیۆن یۆرۆ داهاتی کۆکراوەی پەکەکەیە، وەکو ئەو دەیوت: «ئەوە دەرئەنجامی ئەو یارمەتییانەیە کە کوردەکان دەیدەنە پەکەکە».
بەڵام پێدەچێت داهاتی ساڵانەی ئەم حزبە زیاتر بێت لەو پارەی کە باسی لێوە دەکرێت، بۆ وڵاتانی نەیارانی تورکیاو بگرە جاروبار حکومەتی هەرێمی کوردستانیش هاوکارییان دەکات، لەناو ئەوروپاش بەتایبەتی باس لە فەڕەنسا دەکرێت، سەرەڕای ئەوەی ئێرانیش بە یەکێك لە سەرچاوە داراییەکان دادەنرێت، ئەمە جگە لەو خاڵە گومرگییانەی لە سنوورەکان باج دەخەنە سەر ئەو کاڵاو کەلوپەلانەی لەو سنورە ئاڵوگۆڕیان پێوە دەکرێت، بەڵام جیا لەوانە پەکەکە خاوەنی چەندین سەرچاوەی جیاوازی داراییە، بەتایبەتی کۆمپانیاو بازاڕی جۆربەجۆر، ئەوە جگە لەوەی بەدوای دەستبەسەردا گرتنی رۆژئاوا، توانیان نەوتێکی زۆر بفرۆشن.

## پەکەکەو میدیا

لــەڕووی میدیاییەوە زۆر گرنگی میدیای بـیـنراو - تەلەفزیۆن و سۆسیال میدیا دەدات، هەرئەوەشە وایـکـردووە کە بۆ هـەر پارچەیەکی کوردستان چەند کەناڵێك بکاتەوە.

ئـەم حزبە بـــەردەوام لەژێر فشاری تورکیادایەو زوو زوو کەناڵەکانی دادەخـات، بەوەی کەناڵی رێکخراوێکی تیرۆرستییە، بەڵام هەرگیز سەرکەوتوو نەبووە لە تەواوی داخستنی کەناڵەکان و کپکردنیان، بەتایبەت لـەڕووی میدیاییەوە زۆر گرنگی میدیای بینراو – تەلەفزیۆن و سۆسیال میدیا دەدات، هەرئەوەشە وایـکـردووە کە بۆ هەر پارچەیەکی کوردستان چەند کەناڵێك بکاتەوە.

- ستێرك: بـە کــوردی و سـۆرانـی بەرنامەکان پەخش دەکات بۆ باشوور.

- مەد نووچە: بە کـوردی کرمانجی، تورکی، ئینگلیزی و تایبەتە بە باکوور.

- نـەورۆز: بە کوردی و فارسی و زاراوەکانی تر، تایبەتە بە رۆژهەڵات.

- روناهی: بە کـوردی کرمانجی، عەرەبی، ئینگلیزی و فەڕەنسی، تایبەتە بە رۆژئاوا.

- مەد میوزیك: تەنها گۆرانی پەخش دەکات.

- چرا TV: زۆر گرنگی بە کاروباری ئێزیدییەکان دەدات.
- گوند تیڤی: لە تورکیا پەخش دەکات.
- 10TV: لە تورکیا پەخش دەکات و تایبەتە بە عەلەوییەکان.

جیا لەمانە خاوەنی رادیۆی دەنگی کوردستانە بۆ هەموو جیهان پەخش دەکات لە برۆکسلەوە.

جیا لەوانە، خاوەنی چەندین ئاژانسی جۆربەجۆرو کەناڵی سۆسیال میدیا لەوانە:

- ئاژانسی هاوار
- ئاژانسی دیجلە
- ئاژانسی ئەنافا
- ئاژانسی رۆژ نیوز

لەپاڵ دەیان سایتی حزبی بۆ هەرکام لە حزبەکانیان.

## بیۆگرافیای پەکەکە

**پەکەکە خاوەنی 25 حزب و ڕێکخراوی سیاسی و هێزی گەریلایە.**

1) (کەجەکە – KCK – کۆما جڤاکێن کوردستان)، باڵاترین و بەهێزترین بەشی پەکەکەیە، دوای عەبدوڵڵا ئۆجەلان، کە دوو هاوسەرۆکی هەیە بە ناوەکانی جەمیل بایك (جومعە) و بەسێ هـۆزات، کە هاوکات هەردووکیان ئەندامی کۆنسەی سەرۆکایەتیشن، هەردووکیان شیعەن و عەلەوین و سەبری ئـوك ئەندامی کۆنسە جێگری هاوسەرۆکە.

2) (پەکەکە – PKK – پـارتـی کرێکارانی کـوردسـتـان)، یەکێکە لە پێکهاتەکانی (کەجەکە)، هەرچەندە وا باوە کە پەکەکە هێزە گرنگ و یەکەمەکەیە، بەڵام لەڕاستیدا پەکەکە بەشێکە لە کەجەکە.

3) (هەپەگە – HPG – هێزەکانی پاراستنی گەل)، بەشێکن لە کەجەکەو لەپاڵ (یەپەگە - YPG) و (هـەرەکـە - HRK) و (یەپەشە - YPSHA) و (یـەپـەژە - YPJ) و (یەژاستار - YJSTAR) کە هەموویان باڵی سەربازی کەجەکە پێکدەهێنن و هەرکام لەم هێزانە فەرمانداریەتی خۆی هەیە، بەتایبەت لە یەکێك لە پارچەکانی کوردستان،

بەڵام فەرماندارى گشتى هەموويان، موراد قەرەيڵانە، كە ئەندامى كۆنسەى سەرۆكايەتى كەجەكەيە.
4) (يەپەگە - YPG - يەكينەكانى پاراستنى گەل) تايبەتە بە رۆژئاواى كوردستان و باڵى چەكدارى پياوانى پەيەدەيەو ئەندامى فەرماندارى گشتى باڵى سەربازى كەجەكەيە.
5) (هەرەكە - HRK - هێزەكانى رۆژهەڵاتى كوردستان) باڵى سەربازى پژاك و كـۆدارى رۆژهەڵاتى كوردستانەو ئەندامى فەرماندارى گشتى باڵى سەربازى كەجەكەيە.
6) (يەپەژە - YPJ - يەكينەكانى پاراستنى ژنان) باڵى ژنانى چەكدارى پەيەدەيە لە رۆژئـاواو ئەندامى فەرماندارى گشتى باڵى سەربازى كەجەكەيە.
7) (يەژاستار - YJSTAR - يەكێتى ژنانى ئـازادى - ستار)، تايبەتە بە ژنانى ناو بزووتنەوەكەو ئەندامى فەرماندارى گشتى باڵى سەربازى كەجەكەيە.
8) (پەيەدە - PYD - پارتى يەكێتى ديموكراتى) پارتێكى سەر بە پەكەكەيەو لە رۆژئاوا دامـەزراوە، ساڵح موسليم و ئاسيا عەبدوڵڵا هاوسەرۆكين و هەرسێ كانتۆنەكانى رۆژئـاوا (كۆبانێ، عەفرين، جەزيرە) لەلايەن پەيەدەو ئەڤدەم بەڕێوەدەبرێت.
9) (كـۆنـگـرەى گـەل - KGK) كۆنگرەى حزبەكەيە لە (301) كەس پێكدێت، دوو ساڵ جارێك ئەنجامدەدرێت، واتا پەرلەمانى حزبەو سەر بە كەجەكەيەو لە ئێستادا دوو هاوسەرۆكى هەيە، (رەمزى كارتاڵ و هاجر زاگرۆس).

10) (کەنەکە - KNK - کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان)، کە بارەگای سەرەکی لە برۆکسلەو وەکو پەرلەمانی کوردستان وایە لە مەنفاو کوردی هەرچوار پارچەکانی کوردستان تێیدا ئەندامن و دوو هاوسەرۆکی هەیە، تاهیر کەمالیزادەو نیولەفەر ئوچ و کۆنسەیەکی بەڕێوەبەرایەتیشی هەیە.

11) (کۆدار - KODAR - کۆمەڵگای دیموکراتی و ئازادی رۆژهەڵاتی کوردستان)، باڵی سیاسی کەجەکەیە لە رۆژهەڵاتی کوردستان و دوو هاوسەرۆکی هەیە (رێزان جاوید و زیلان تانیا)، لەگەڵ ئەوەشدا لەلایەن دەستەیەکی بەڕێوەبەرایەتییەوە بەڕێوەدەچێت.

12) ئاپۆ، عەبدوڵڵا ئۆجەلان، دامەزرێنەرو رێبەری پەکەکەیەو لە ساڵی 1999ـەوە لە تورکیا زیندانییە.

13) (کۆنسەی سەرۆکایەتی کەجەکە (کۆنسە))، وەکو مەکتەبی سیاسی وایە، دوای ئۆجەلان باڵاترین دەسەڵاتی حزبەکەیە، ئەندامەکانی ئەمانەن: (جەمیل بایك «جومعە»، بەسێ هۆزات، موراد قەرەیلان(کەمال)، مستەفا قەرەسوو(حسێن عەلی)، دوران کالکان(عەباس) تورك»، عەلی حەیدەر قەیتان(فواد)، فاتمە ئادر، بێرتان دەرسیم، سۆزدار ئاڤێستا، دیار غەریب، زوبێر ئایدار، سەبری ئوك، فاتیمە عادل.

15) (کۆمیتەی (مجلس) پەکەکە) دوو ساڵ جارێك دەبەسترێت و ئامانجی دروستکردنی کادرو پەروەردەو

ئارتەشە، ڕێکخستن و راگەیاندن و ڕێکخستنی گەل، بـواری فکری و نەزەریی، لە (50) ئەندام پێکدێت و هەرکام لەمانە بەرپرسیارێتی کۆمیتەیەکی هەیە، بەڵام هەندێك لەوانە لەناو (تورکیا، ئێران، باشوور، سوریا)ن و ناوەکانیان ئاشکرا نییەو بەنهێنی کاردەکەن.

16) (یـەبـەشـە - YBSH - یەکینەکانی بـەرخـۆدانـی شەنگال)، بەدوای هاتنی داعش لە شەنگال دروستبوو، لەلایەن ئەنجومەنێکی یەزیدی بەڕێوەدەبرێت.

17) (رەژاك - RJK - ڕێکخستنی ژنـانـی ئـازادی کوردستانی رۆژهــەڵات)، سەر بە پارتی ژنانی ئـازادی کوردستانی ئێران (پژاك)ـە.

18) (هەدەپە - HDP - پارتی دیموکراسی گـەلان)، کە لە تورکیا کاردەکات و (36) ئەندام پەرلەمانی هەیە، هاوسەرۆکی حزبەکەش پێکهاتووە لە (سەڵاحەدین دەمیرتاش و فیگەن یوکسەکداغ).

19) (کەجەدە - KCD - کۆنگرەی جڤاکی دیموکراتیك) دروستکراوی پەکەکەیە لە باکوور و هاوسەرۆکەکانی پێکهاتوون لە (سەلما ئیرماك و ....) و چەند ئەندام پەرلەمانی لە ناوخۆی تورکیا هەیەو زۆر چالاکە.

20) (کانتۆن - ئـیـدارەی ناوخۆیی رۆژئـــاوا)، لە ساڵی 2013 لەلایەن پەیەدە دروستکراون و لە سێ کانتۆن پێکهاتوون (کۆبانێ، عەفرین، جەزیرە) و هەرکام لەو کانتۆنانە دوو هاوسەرۆکی هەیە، ژنێك و پیاوێك،

نەتەوەکانی عـەرەب و ئـاشـووری و ئەرمەنی تێیدا بەشدارن...

21) (تەڤدا – TVD – تەڤگەری کۆمەڵگەی ئازادی دیموکراتی ئێزیدی)، حزبێکی نوێیە لە باشووری کوردستان، بەدوای هاتنی داعش و شەڕەکانی شەنگال لەلایەن پەکەکەوە بۆ ئێزیدییەکان دروستکراوەو سەرۆکی (تەڤدا) سەعید حەسەنە.

22) (تەڤگەر – TVGK – تەڤگەری ئـازادی کۆمەڵگای کـوردسـتـان)، حزبێکی سیاسی بـاشـووری کوردستانە پێشتر لە یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستانی و پارتی چـارەسـەری دیموکراسی کوردستان بـووە، دوو هاوسەرۆکی هەیە (شیلان شاکر و دیار غەریب ...) سەر بە پەکەکەیە.

23) (ئەنجومەنی گەلی رۆژئاوای کوردستان) لە رۆژئاوا دوای رزگاربوونی شارەکان دامـەزرا، دیدی سیاسی پەیەدەو هاوسەرۆکەکانی پێکهاتوون لە (سینەم محەمەد....).

24) (ئەرگەکە- ARGK ئارتەشی رزگـاری گەلی کوردستان) لە 1986 دامەزراوە، لە سەرەتاوە تا ساڵی 1999لە کۆنگرەی پێنجەمی پەکەکە، جەمیل بایك سەرۆکی ARGK بوو دواتر سلێمان قائیدی(سەلال) کرایە لێپرسراوی ARGK و دواتر ئەم ئارتەشە هەڵوەشایەوەو HPG شوێنی گرتەوە.

25) (ئـەرنـەکـە – ERNK – بـەرەی رزگـاری نیشتیمانی کوردستان) سێ کەس لێپرسراوی بون قەرەسو، فەیسەڵ

**ئاتەش، زوهاد دواتر ئەمیش هەڵوەشایەوە بووە کۆنگرەی گەل.**

## سەرچاوەی کتێبە کوردییەکان

1) بـەلما ئـاڤـچـوورا، فیلمە کـوردیـیـەکـەی دەوڵـەت (راپۆرتەکانی سەبارەت بە کورد لە ساڵی 1925 – 2007)، وەرگێڕانی ئـەردەڵان گـۆران، لە بڵاوکراوەکانی دەزگـای موکریان – 2010.
2) جەنگیز چاندار، شەمەندۆفێری میزۆپۆتامیا، گەشتێکی مێژوویی (تورکیا – کوردەکان – رۆژهەڵاتی ناوەڕاست – خۆرئاوا)، وەرگێڕانی زریان رۆژهەڵاتی، لە بڵاوکراوەکانی کوردستانی نوێ، 2014.
3) ئەنوەر حسێن و شـۆڕش مستەفا، لە قەندیلەوە بۆ کۆبانێ، دیدار لەگەڵ جەمیل بایك و موراد قەرەیڵان، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا، 2015
4) هەڵمەت و بابان، لە زڕگوێزەوە بۆ ئۆکرانیا، دیدارێکی تایبەت لەگەڵ ئیبراهیمی عەلیزادە سکرتێری کۆمەڵە، 2014.

5) بریتا بولەر، گەشتە بێ ناکامەکانی سەرکردەیەك، وەرگێڕانی لە هۆڵەندییەوە، ڕێکەوت ئیسماعیل، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا، 2012.
6) ئەنوەر حسێن، پێگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە کۆنگرەی نەتەوەییدا، لە بڵاوکراوەکانی بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، 2013.
7) کوردستان دیپلۆماتیك، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە، ژمارە (5)، تەمموزی 2014.
8) کوردستان دیپلۆماتیك، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە، ژمارە (6 و 7)، کانوونی یەکەمی 2014.
9) گۆڤاری شار، ژمارە 43، 15-2-2015.
10) گۆڤاری سڤیل، ژمارە 265، 14-2-2015.
11) تورکیاو پەکەکە، هێشتنەوەو هێزدان بە ڕەوەندی ئاشتی، ئامادەکردنی گروپی قەیرانە نێودەوڵەتییەکان، 6ی نۆڤەمبەری 2014، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا 2015، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە ماجید خەلیل.
12) سایتی ڕوژ نیوز، ڕێبوار ڕەشید - پەکەکە تەسلیم بووە، شیکارییەکی زانستی.
13) باکووری کوردستان و دابەشکردنی کوردستان، محەمەد ڕەئوف.
14) ئالان بادیۆ، کۆبانێ وەك جیاوازی لە چۆنێتیدا، چاودێر، ژمارە (503)، 9-2-2015.

15) هـێـرش عـەبـدوڵـلا حـەمـە کـەریـم، پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان، دەوڵەتان دروستە ( ئێران، تورکیا، سوریا- 1991-2003) لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ئەندێشە، 2013
16) میخائیل م.جونتر، الا اکراد و مستقبل ترکیا،ترجمة الدکتورة سعاد محمد ابراهیم خـضر، مرکز کردستان للدراسات الاستراتیجیة، 2007
17) کورد پرێس
http://kurdpress.ir/NSite/FullStory/?Id=40547

## چاپکراوەکانی نووسەر

1-خوێندنەوەیەك بۆ مەسەلەی گۆڕانی سیاسی لەعیراقدا 2003 (لێکۆڵینەوەی سیاسی)
2-تیرستان 2003 - (گۆشەی رۆژنامەنووسی)
3-قەدەر 2003 - (شیعر)
4-کورد لەئاڵوگۆڕانکارییەکانی عیراقدا 2005 -(لێکۆڵینەوەی سیاسی)
5-ئاشنایی بە ئەفلاتوون 2005 - (پێشەکی و پێداچوونەوە)
6-ئاشنایی بە ئەرستۆ 2006 - (پێشەکی و پێداچوونەوە)
7-فایل 2006 - (گۆشەی رۆژنامەنووسی)
8-یاداشتەکانی رۆژانی تەنیایی، گابرێل گارسیا مارکیز 2008 (پێشەکی و پێداچوونەوە)
9-دۆکیومێنت 2008 - (گۆشەی رۆژنامەنووسی)
10-رۆمانێك لەگفتوگۆدا – چەند دیدار سەبارەت بەشاری مۆسیقارە سپیەکانی بەختیار عەلی 2006 - (دیدارو چاوپێکەوتن)

11-كورد و قەیرانەکانی عیراق 2008 - (لێکۆڵینەوەی سیاسی)
12-دیدار لەگەڵ سێ شاعیری چەپی کوردستانی ئێران 2009 (دیداری ئەدەبی)
13-لەئارێزەوە تا سازو زوڵفا 2010 (دیدار و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی)
14-چاوەکانی باران 2010 - (شیعر)
15-عێراقی مۆزایك و ناهۆمۆجین 2011 - (لێکۆڵینەوەی سیاسی)
16-کاتی دواین قسەیە 2011 - (گۆشەی رۆژنامەنووسی)
17-مۆدێلی حزبایەتی لەکوردستان 2011 - (لێکۆڵینەوەی سیاسی)
18-لۆژیك، ئەپستمۆلۆژیا، میتافیزیك لە دیدیی فەلسەفیەو 2011 (فەلسەفە)
19-سەردەمی چاوەڕوانی 2012 - (شیعر)
20-پریسترۆیکای بەهاری عەرەبی 2012 - (لێکۆڵینەوەی سیاسی)
21-قەقنەسێك بەسەر ئاویەرەوە 2012 - (دیدار لەگەڵ مەزهەری خالقی)
22-شاهێنی ئاناوازا- 2012 (دیدار لەگەڵ عەبدوڵڵا حەسەن زادە)
23-گوڵە گەنمێکی قەرسیلی سەوز- 2012 (دیدار لەگەڵ ناسر رەزازی)

24-ملوانکەی شین، دیوانی شیعری شەریف 2013 -
کۆکردنەوە و پێشەکی بەهاوبەشی لەگەڵ لوقمان رەئوف
(شیعر).
25-دیوانی بۆ ئازادی 2013 - دیوانی شیعری مصلح
شێخولئیسلامی (رێبوار) - کۆکردنەوە و ئامادەکردن و
پێشەکی، (شیعر)
26-چۆن بۆت بدوێم 2013 - دیوانی شیعری ئەحمەد بازگر
کۆکردنەوە و ئامادەکردن و پێشەکی، (شیعر).
27-رۆڵی یەکێتی لە دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگەی
کوردستان 2013 (لێکۆڵینەوەی سیاسی)
28-مەلا بەختیار-گوتاری ئەنکەرە، وەرچەرخانی
هاوچەرخی کوردایەتی 2013 - (وتاری سیاسی)
29-پێگەی خۆرهەڵاتی کوردستان لە کۆنگرەی نەتەوەیدا
2013، دیدار و چاوپێکەوتن.
30-لە قەندیلەوە بۆ کۆبانێ - ئەنوەر حسێن - شۆڕش مستەفا
2015

ئامادەن بۆ چاپ:

-بەهاری عەرەبی و مەترسیەکانی فێندەمینتالیزم.
-قەیرانی مێژوویی نێوان تورکیا و پەکەکە.
-تێزی سەربەخۆیی کوردستان لە ڕوانگەی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە.
-داعش و مەترسیەکانی لەسەر خۆرهەڵاتی ناوەڕاست.

a.bazgr@gmail.com

لەرێگای ئەم وێب سایتەوە دەتوانن چاپکراوەکانی نوسەر ببینن

www.ideafoundation.co